ڕوونکردنەوەیەک لە سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە سەبارەت بە یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2019ی پەرلەمانی کوردستان

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5883) دووشەممە 2ی کانوونی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (3)ی ساڵی 2019یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لەسەر کراوە، ژمارە (3)ی ساڵی 2019ی ڕەتکردەوە.

گەڕاندنەوەی یاساکە لەسەر داوای سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بوو، بەهۆی بوونی چەند تێبینییەک لەسەر هەندێک لە بڕگە و ماددەکانی یاساکە. بڕیە لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی و بەمەبەستی پێداچوونەوە و چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان، سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ڕۆژی 21/11/2019 بڕیاری دا بە گەڕاندنەوەی یاساکە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

فەوزی فرەنسۆ هەریری

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

1/12/2019

نابێ لە دەستووری عێراق ماددەی 140 دەستکاری بکرێت

2

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک وەزیران سەردانی ئیمارات دەکەن








بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەسەر داوای فەرمیی بەڕێز شێخ محەمەد بن زاید ئال نەهیان جێنشینی ئەبوزەبی جێگری فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئیمارات و سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ئیمارەتی ئەبوزەبی، بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی پێشبڕکێی خەڵاتی ئیمارات بۆ فرۆکەوانی گەورەی فۆمۆلا یەک، پاشنیوەڕۆی دوێنێ یەکشەممە 1/12/2019 بە سەردانێکی یەک ڕۆژە گەیشتنە ئەبوزەبی.

لە پەراوێزی سەردانەکەدا، چاویان کەوت بە هەر یەک لە بەڕێزان شێخ محەمەد بن زاید ئالنهیان جێنشینی ئەبوزەبی، جێگری فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئیمارات و سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ئیمارەتی ئەبوزەبی، شێخ محەمەد بن راشد، جێگری سەرۆکی ئیمارات و سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری و فەرمانڕەوای دوبەی، میر محەمەد بن سەلمان، جێنشینی عەرەبستانی سعوودیە، ئارمین سەرکیسیان سەرۆکی ئەرمەنستان، ڕۆستەم مینیخانۆف سەرۆکی تەتەرستان و ژمارەیەک لە شا و سەرۆک و سەرکردە و وەزیرانی ولاتانی میوانی ڕێوڕەسمەکە.

دوای تەواوبوونی ڕێوڕەسمەکە، ئێوارەی دوێنێ سەرۆک نێچیرڤان بارزانی گەڕایەوە هەرێمی کوردستان.

پەرلەمان بڕیاری دەست لەکار کێشانەوەی عەبدولمەهدی پەسەند کرد

عەبدولمەهدی کرایە قوربانی کێشە کەڵەکەبووەکانی 15 ساڵی رابردووی عێراق



لە دانیشتنی دوێنێ یەکشەممەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، دەستەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی پەسەند کرا.

بە مەبەستی تاوتوێکردنی پرسی داواکاری دەستەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی و بە ئامادەبوونی 241 پەرلەمانتار، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەستیپێکرد. محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان نامەی دەست لەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی خوێندەوە، دواتر پەرلەمانتاران بە کۆی دەنگ کە 240 پەرلەمانتار ئامادەی دانیشتنەکە بوون، دەست لەکارکێشانەوەکەیان پەسەندکرد و بەپێی مادەی 76یش داوا لە سەرۆک کۆمار کراوە کە کەسێکی دیکە لە جێگەی عادل عەبدولمەهدی بە پەرلەمان بناسێنێت.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

فایەق شێخ عەلی: خۆپێشاندەران بەهیچ هەنگاوێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕازی نابن

پەرلەمانتاری ناسراوی عێراق فایەق شێخ عەلی ڕەخنەی لە شێوازی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی سەرەک وەزیرانی عێراق گرت و لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئاشکرای کرد کە خۆپیشاندەرانی عێراق بەهیچ هەنگاو و ڕێکارێکی ئەنجوومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی کۆمار بۆ قۆناغی دوای عادل عەبدولمەهدی ڕازی نابن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان 145 پزیشک دادەمەزرێن

دکتۆر سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی لە کاتی بەشداریکردنی لە ڕێوڕەسمی بەخشینی دیاری بەسەر پزیشکاندا ڕوونیکردەوە: بەفەرمانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان 145 پزیشک بە شێوەی هەمیشەیی دادەمەزرێن تا خزمەتی هاوواڵتیان بکەن. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی: لەگەڵ بەغدا گەیشتینە دەرئەنجامی کۆتایی

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات، لە پڕۆژەیاسای بودجەی 2020ی عێراق، مافەکانی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی دوولایەنە، چەسپیون. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

تیرۆریستانی داعش دەیانەوێ گورز لە پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق بوەشێنن

دوای زیادبوونی جوولەی چەکدارانی داعش لە ناوچە کوردستانییەکان، بەرپرسێکی پێشمەرگە ئاشکرای دەکات، وەزارەتی پێشمەرگە زانیاریی دەربارەی جوولەی داعش هەیە و پێشمەرگە بۆ هەر ئەگەرێک ئامادەیە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

هەرێمی کوردستان بە هەناردەی گازی سروشتی لەسەر نەخشەی وزەی جیهان جێگیر دەبێ

هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە 5 تریلیۆن پێ سێجا گازی سروشتییە. شارەزایەکی بواری نەوت و گازیش ئاماژە بە گازی سروشتیی کوردستان دەکات و پێیشی وایە تەمەنی نەوت 40 تا 50 ساڵی تر دەخایەنێت.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

پەرلەمانی کوردستان خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشییە نووسەر و ڕۆشنبیری تورک ئیسماعیل بێشکچی



پێشنیوەڕۆی دوێنێ یەکشەممە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەئامادەبوونی پەرلەمانتاران محمد ئیلخانی و ڕۆمیۆ هەکاری لە هەردوو پێکهاتەی تورکمان و کریستیانەکان لە پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە نووسەر و ڕووناکبیری تورک و دۆستی دێرینی گەلی کورد ئیسماعیل بێشکچی و شاندی یاوەری کرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

فازڵ میرانی بە یاوەری شاندێک بەمەبەستی پیرۆزبایی سەردانی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەکات



ئێوارەی دوێنێ یەکشەمە فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی بە یاوەری شاندێک کەپێکهاتبوو لە مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان و عارف روشدی راوێژکاری مەکتەبی سیاسی بۆ پیرۆزبایی لە بەستنی دەیەمین کۆنگرەو هەڵبژاردنی سکرتێری و سەرکردایەتی حزب، سەردانی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد، لەلایەن بەڕێز عەبدوڵلا سکرتێری هەڵبژێردراوی حزبی زەحمەتکێشان و سەعد خالید جێگری سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی گشتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پێشوازی کران.

لە دیدارێکدا فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پیرۆزبایی جەنابی سەرۆک بارزانی و مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئاراستەی بەڕێز عەبدوڵلا بەبۆنەی هەڵبژاردنی سکرتێر و جێگری سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و بەستنی دەیەمین کۆنگرەکەیان کرد، هاوکات ئومێدی خواست کۆنگرەکەتان ببێتە فاکتەرێک بۆ بەهێز بوونی پەیوەندییەکانی نێوانمان و فراوان بوونی بواری هەماهەنگی و کارکردنی هاوبەش لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان.

هەروەها سکرتێری مەکتەبی سیاسی تەئکیدی کردەوە لە ئێستاو لە رابردووشدا بەشداری کاریگەرتان لە خەباتی رزگاری خوازی گەلی کوردستان و بەدیهێنانی هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە لەئاکامی یەکریزی هێزو لایەنە سیاسییەکانەوە بەدەستهاتوون جێگەی بایەخن.

هەرلەم دیدارەدا بەڕێز عەبدوڵلا سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان سوپاس و ستایشی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد بۆ پاڵپشتی لە سەرکەوتنی کۆنگرەو هەنگاوەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، پاشان باردۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دوایین پێشهات و گۆڕانکارییەکان و هەنگاوەکانی پەیوەندی حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق و ڕەوشی ناجێگیری باسی لێوەکرا، هاوکات باس لەو هەنگاو و دەستپێشخەریانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ یەکخستن و یەکگوتاری پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەهەمبەر ئەم ردوشە نالەبارەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق بەگشتی هاتۆتە ئاراوە، هاوکات خەباتی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی و خزمەت کردن بەپرسە دیموکراتییەکان و بەردەوامی هەماهەنگییەکانی نێوان هەردوولا و پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەپێناو سەرخستنی ئامانجەکانی گەلی کوردستان تیشکی خرایەسەر، هەروەها لەو دیدارەدا تەئکید لەهۆشیاری زیاتری جەماوەر لە پاڵپشتی کردن لە پێناو ئەرک و بەرپرسیارەتی نیشتمانی و نەتەوەیی هەموولایەک بۆ داکۆکی کردن و سەرکەوتنی ئەم قۆناغە کرایەوە.

پەرلەمانی کوردستان خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشییە نووسەر و ڕۆشنبیری تورک ئیسماعیل بێشکچی



پێشنیوەڕۆی دوێنێ یەکشەمە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەئامادەبوونی پەرلەمانتاران محمد ئێلخانی و ڕۆمیۆ هەکاری لە هەردوو پێکهاتەی تورکمان و کریستیانەکان لە پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە نووسەر و ڕونـاکبیری تورک و دۆستی دێرینی گەلی کورد ئیسماعیل بێشکچی و شاندی یاوەری کرد.


لە دیدارێکدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وێڕای بەخێرهێنان، ڕۆڵی نووسەر و ڕونـاکبیری تورک ئیسماعیل بێشکچیی لە بایەخدان و بەرگریکردن لە دۆزی ڕەوای گەلی کورد خستەڕوو کە هەمیشە لە ڕێگەی وتار و نووسینەکانی بەرگریکارێکی سەرسەختی ئەو دۆزە بووەو لەم پێناوەشدا چەندینجار توشی ئازار و ئەشکەنجەو زیندان بووەتەوە، بۆیە پەرلەمانی کوردستان شانازیی بەو دۆستە دێرینە دەکات و خۆی بە قەرزاربار دەزانێت.

هەر لەدیدارەکەدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پوختەیەکی سەبارەت بە کار و ئەرکەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان باسکرد و ڕایگەیاند: لەئێستادا ئەولەویەتی کاری پەرلەمان بریتییە لە هەوڵدانی جدی بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیر و نووسینەوەی دەستوور و فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک لەڕێگەی دەرکردنی یاسای نوێ و هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە پێویستییان بەپێداچوونەوە هەیە. هەروەها باسی لە تەبایی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان کرد کە بەیاسای ژمارە 5ی ساڵی 2015ی پەرلەمانی کوردستان ڕێکخراوە، لە پاڵ ئەمانەش گرنگیدان بەکاری دیپلۆماسیی پەرلەمانی کوردستان لەدروستکردنی پەیوندی لەگەڵ پەرلەمانی وڵاتانی دەرەوە، هاوکات باسی لەو پەیوندییە دیپلۆماسییانەش کرد کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و سەرجەم پەرلەمانەکانی تری وڵاتان گرنگیی پێدەدرێت.

لەلایەن خۆیەوە نووسەرو ڕونـاکبیر ئیسماعیل بێشکچی، خۆشحاڵیی خۆی بەو پێشوازییە گەرمە دەربڕی و هیوای خواست پەرلەمانی کوردستان بەردەوام بێت لەکارەکانی و پاراستنی قەوارە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و پاراستنی یەکڕیزیی نێو مالی کوردو سەرجەم پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، هاوکات وەکو ڕوونـاکبیرو نووسەرێکی دۆستی کورد پشتگیریی خۆی لەبەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لەڕێگەی دیالۆگ و چارەسەری ئاشتییانە دووپات کردەوە.

لەکۆتاییشدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەرامبەر ئەو ماندووبوونەی ڕابردوویی و ئەو خزمەتەی پێشکەشی گەلی کوردی کردووە، خەڵاتی ڕێزلێنانی پەرلەمانی کوردستانی بە بەڕێزیان بەخشی.

داعش دەیەوێ گورز لە پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق بوەشێنێت



دوای زیادبوونی جوواڵەی چەکدارانی داعش لە ناوچە کوردستانییەکان، دوێنێ یەکشەمە فەرماندەیەکی باڵای عێراق لە بەغداوە گەیشتووەتە کەرکووک و بەرپرسێکی پێشمەرگەش ئاشکرای کرد، وەزارەتی پێشمەرگە زانیاریی دەربارەی جوواڵەی داعش هەیە و پێشمەرگە بۆ هەر ئەگەرێک ئامادەیە.

نووری حەمە عەلی، بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوا و باشووری کەرکووک بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: داعش خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی دەستی خۆی بوەشێنێت، هەروەک چۆن لە دەقەری کوواڵەجۆ دەستی خۆیان وەشاند و ژمارەیەک شەهید و بریندارمان هەبوون، ئەوانە هەمیشە ئامادەن بۆ هەیە و حکوومەتی هەرێم لەگەڵیان لەسەر خەتە بۆ ئەوەی بەهۆی ڕەوشی ئێستای عێراق و جووڵەی داعشەوە بۆشایی ئەمنی دروست نەبێت، ئەگەر عێراق خۆی پێ ناپارێزرێت، هەرکاتێک داوامان لێ بکرێت بۆ بەرگری لە خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان ئێمە ئامادەین بگەڕێینەوە هەر ناوچەیەک و بێ جیاوازی بەرگری دەکەین و بەگژ داعشدا دەچینەوە. نووری حەمە عەلی ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: پێشمەرگە ئامادەیە بۆ وەلامدانەوەی هەرشتێک و لە لایەن ئۆپەڕاسیۆنی وەزارەتی پێشمەرگەوە ئاگادار کراوینەتەوە، کە داعش ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی گورز لە هێزەکانی عێراق و پێشمەرگە بوەشێنێت.

کردەوەی تیرۆریستی و یەک دەرفەت بۆ داعش ڕێکەوێت پەلاماری شوێنەکانی دیکەش دەدات، ئەمڕۆ عەبدولەئەمیر زەیدی، گەورەفەرماندەی سوپای عێراق، لەبارەی تێکچوونی ڕەوشی کەرکووک و مەترسییەکانی داعشەوە گەیشتووەتە کەرکووک، چونکە مەترسیی زیاتر پەیدا بووە. فەرماندەکەی پێشمەرگە دەشڵێت: داعش دەیەوێ کێشەیەکی گەورە بۆ کەرکووک بنێتەوە و وەک مووسڵ وێرانی بکات و داگیری بکات.

لەبارەی ئامادەکارییەکانی هێزی پێشمەرگەوە، عەلی گوتی: هێزەکانی پێشمەرگە هەر لە ئامادەباشیدان، هەر فەرمانێکی لەسەرەوە بۆمان بێت جێبەجێی دەکەین، ئێمە چاودێریی ڕەوشەکە دەکەین و وەزارەتی پێشمەرگە زانیاری



به بەشداری جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک پسپۆری یاسایی لە بواری دەستووردا، پانێلێک لەبارەی هەوڵەکان بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق و ئامادەکارییەکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو.

سەبارەت بە ماددەی 140ی دەستووری عێراق پێشنیازێک دەدرێتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

جوان ڕۆژبەیانی: نابێ لە دەستووری عێراق ماددەی 140 دەستکاری بکرێت

سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند کە سەبارەت بە ماددەی 140ی دەستووری عێراق لیژنەکەیان پێشنیازێکی داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان تاوەکو بڕیارێک بۆ پاریزگاری لەو ماددەیە و جێبەجێکردنی دەربکات.


جوان ڕۆژبەیانی، پەرلەمانتاری پارتی و سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان، بە خەباتی ڕاگەیاند، لیژنەکەیان پێشنیازێکی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردوە کە بڕیارێک دەربکات لە هەموواری دەستووری عێراقدا بە هیچ شێوەیەک نەتوانرێ دەستکاری ماددەی 140بکرێت، جگە لەوەش سەقفی زەمەنی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دیاری بکرێت کە دەبوو لە 2007ەوە جێبەجێبکرایە.



گوتیشی: لەکاتێکدا ئەوان کە دەڵێن ماددەی 140 بەسەر نەچووە، بەڵام ئەگەر کاری بۆ نەکرێت هیچ سوودێکی نابێت، لەبەرئەوە پێویستە بڕیارێک لە پەرلەمانی کوردستان یەکەمیان جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە نابێ لە دەستووری عێراق ئەو مادەیە دەستکاری بکرێت، دووەمیان گرنگە سەقفی زەمەنی دیاری بکرێت بۆ جێبەجێکردنی، چونکە ئەمجارەیان دەڵێن ئێمە دەستوور جێبەجێ دەکەین.


پەرلەمان بڕیاری دەست لەکار کێشانەوەی عەبدولمەهدی پەسەند کرد

عەبدولمەهدی کرایە قوربانی کێشە کەڵەکەبووەکانی 15 ساڵی رابردووی عێراق



لە دانیشتنی دوێنێ یەکشەممەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی پەسەند کرا.
بە مەبەستی تاوتوێکردنی پرسی داواکاری دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی و بە ئامادەبوونی 241 پەرلەمانتار، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەستیپێکرد. محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان نامەی دەست لەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی خوێندەوە، دواتر پەرلەمانتاران بە کۆی دەنگ کە 240 پەرلەمانتار ئامادەی دانیشتنەکە بوون، دەست لەکارکێشانەوەکەیان پەسەندکرد و بەپێی مادەی 76یش داوا لە سەرۆک کۆمار کراوە کە کەسێکی دیکە لە جێگەی عادل عەبدولمەهدی بە پەرلەمان بناسێنێت.
سەرۆکوەزیرانی عێراق رۆژی هەینی ئاشکرای کردبوو کە دەستلەکار دەکێشێتەوە و رۆژی شەممەش، دەستلەکارکێشانەوەکەی پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران کردبوو. عادل عەبدولمەهدی راشیگەیاندبوو کە دەستلەکارکێشانەوەی ئەو بەواتای هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتەکەی دێت.
لەمبارەیەوە شێرکۆ میرەویس ئەندامی پەرلەمانی عێراق بەدەنگی ئەمەریکای راگەیاندووە: عادل عەبدولمەهدی کرایە قوربانی کێشە کەڵەکە بووەکانی15 ساڵی رابردووی عێراق، دەست لەکارکێشانەوەشی کێشەکان چارەسەر ناکات.
گوتیشی: تازە دەست لەکارکێشانەوەی بووەتە خواستی جەماوەر، بۆیە کوتلەکان ، قەبوڵیان کرد.
هەر دوێنێ سەعد حەدیسی، وتەبێژی نووسینگەی میدیایی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی دەستلەکارکێشاوەی عێراق رایگەیاند، دوای ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی پەسەند کرد، حکوومەتێکی نوێ رادەسپێردرێت.
هەروەها حەسەن جیهاد سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، ئاماژەی بەوە کردووە کە پاساوی عادل عەبدولمەهدی ئەوەبووە کە ڕاوێژی بەدادگای فیدرالی کردووە، ئەوان لاریان نەبووە لەوەی ڕاستەوخۆ داوای دەست لەکارکێشانەوە بداتە پەرلەمان، چونکە پەرلەمان هەڵیبژاردووە. سەبارەت بە قۆناغی دوای عەبدولمەهدی، حەسەن جیهاد باسی لەوەکرد حکوومەتی کاربەڕێکەر پێکدەهێنرێ، تا ئەوکاتەی لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەڵبژاردن دەکرێت.
چاوەڕوانیش دەکرێت هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق گەر ئەنجام بدرێت، لەبری کۆمیسیۆنی ئێستای هەڵبژاردنەکان کە بە پشک پشکێنەی حیزبی پێکهێنراوە، لیژنەیەکی 11 کەسی لە دادوەر و پسپۆڕی بێ لایەن سەرپەرشتی بکەن.
ئەگەرچی عادل عەبدولمەهدی لەسەر داوای خۆپیشاندەران دەستی لەکارکێشاوەتەوە، بەڵام خۆپیشاندەران بەردەوامن لە دەربڕینی نارەزایەتی و داوای چاکسازی بنەڕەتی دەکەن، بۆیە هێشتا داهاتووی پرۆسەی سیاسی لە عێراق نارونە.
لەلایەکی دیکەشەوە دکتۆر مەحمود عوسمان، سیاسەتمەداری کورد، لە لێدوانێکیدا بۆ دەنگی ئەمەریکا رایگەیاندووە: ئەو چینە سیاسییەی کە 17 ساڵە حوکمی عێراق دەکەن، خەڵک لێیان نارازیە و دەیەوێت دووریان بخاتەوە، گوتیشی: کەچی ئەم چینە خۆیان دەیانەوێت لە ڕێگەی پەرلەمانەوە هەندێک ڕێوشوێن بگرنە بەر، هەر عەینی جەماعەت دەیانەوێ یەکێکی تر لە خۆیان دابنێنەوە، خەڵکیش بەمە ڕازی نیە. گوتیشی: وەزعی عێراق وەزعێکی تەواو ناسروشتیە، کەس نازانێت بۆ کوێ دەڕوات.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی:
لەگەڵ بەغدا گەیشتینە دەرئەنجامی کۆتایی



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات، لە پرۆژەیاسای بودجەی 2020ی عێراق، مافەکانی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی دوولایەنە، چەسپیون.
د.قیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: لەگەڵ بەغدا لەبارەی بودجە و ئەو ڕێککەوتنەی هەمان بووە، گەیشتینە دەرئەنجامی کۆتایی و ئەرێنییە. ڕوونیشی کردەوە کە پێش دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق، سەرجەم پرسەکانی پەیوەندیدار بە پرۆژەبودجەی 2020ی عێراق و بابەتی هەرێمی کوردستان، تاوتوێ کراون. جێی باسە پێشتر فارس عیسا ، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، بە خەباتی ڕاگەیاندبوو یەکشەممە 2019/12/1 شاندەکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی پرۆژەبودجەی 2020ی عێراق سەردانی بەغدای پایتەختی ئەو وڵاتە دەکات.

سەدر رایگەیاند بەشداریی لە حکوومەتی نوێی عێراق ناکات

سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر دوای دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی رایگەیاند کە ئەو بەشداریی لە حکوومەتی نوێی عێراقدا ناکات.
موقتەدا سەدر لە پەیامێکدا لە ڕێگەی هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاویکردووەتەوە، ئەو باڵە سیاسییەی کە سەرکردایەتی دەکات، ئەگەر دەستلەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت ئەوە بەشدار نابێت لەو حکوومەتە نوێیەی کە پێکدەهێنرێت. سەدر ڕاشیگەیاندووە ئەندامانی فراکسیۆنەکەی لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەشداریی ناکەن لە گفتوگۆی لیژنەکانی پەرلەمان تایبەت بە دەرکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان و کۆمیسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

فایەق شێخ عەلی بۆ «خەبات»:
خۆپیشاندەران بەهیچ هەنگاوێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رازی نابن



خەبات/ مەریوان ندقشەندی

پەرلەمانتاری ناسراوی عێراق فایەق شێخ عەلی ڕەخنەی لە شێوازی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی سەرەک وەزیرانی عێراق گرت و لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئاشکرای کرد کە خۆپیشاندەرانی عێراق بەهیچ هەنگاو و ڕێکارێکی ئەنجوومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی کۆمار بۆ قۆناغی دوای عادل عەبدولمەهدی ڕازی نابن.
فایەق شێخ عەلی کە بە پەرلەمانتارە سەربەخۆکان و نارازیەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران دەناسرێت لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند: بەڕێز عادل عەبدولمەهدی نەدەبوو دوای ئەم هەموو خوێنەی کە لەناو خۆپیشاندەران ڕژێندرا، لەسەر داوای مەرجەعیەتی شیعە دەست لەکاربکێشێتەوە و دەبوو هەر لەسەرەتاوە دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش بکردایە.
هەروەها گوتی: ئێستا خۆپیشاندەران ئاستی داواکاریەکانیان بەرزکردۆتەوە بەجۆرێک کە پێناچێت بەهیچ ڕێکارێکی یاسایی و دەستووری ئەنجوومەنی نوێنەران ڕازی بن و بەوەش هەرکەسێک بۆ سەرۆک وەزیرانی نوێ ڕابسپێردرێت لەبارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزدا دەبێت و ڕەنگە بڵێم بەزەحمەت کەسێک هەبێت لەم حزبە دەسەڵاتدارانەی عێراق کە زاتی ئەوە بکات کەسێک بۆ سەرۆک وەزیران دەستنیشان بکات.
لە بارەی ڕۆڵی کورد لەم جموجۆڵە سیاسی و جەماوەرییەی عێراق فایەق شێخ عەلی گوتی: هەڵوێستی برایانی کورد و سەرۆک مەسعود بارزانی هەڵوێستێکی شەرەفمەندانەیە و نەیانویست هەلی شپرزەیی عێراق بقۆزنەوە بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی تایبەت بەگەلی کورد لەسەر حسابی پێکهاتەکانی تری عێراق و ئەم هەڵوێستەش لەمێژوودا تۆمار دەکرێت.
گوتیشی: عادل عەبدولمەهدی پێش دەستلەکارکێشانەوەی لەدوا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا ڕەزامەندی لەسەر ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر نەوت و بودجەی عێراق و پشکی هەرێم لەبودجە وەرگرتووە و بەپەسەندکراوی دەنێردرێتە ئەنجوومەنی نوێنەران.

بەغدا سێ ڕۆژ ماتەمینی بۆ قوربانیانیی زیقار و نەجەف ڕاگەیاند



دوێنێ یەکشەممە، پارێزگاری بەغدا، محەمەد عەتا وەک ڕێزگرتن لە گیانی ئەو خۆپیشاندەرانەی کە لە میانی ڕۆژانی ڕابردوودا لە هەردوو پارێزگای نەجەف و زیقار کوژراون، سێ ڕۆژ ماتەمینی ڕاگەیاند. محەمەد عەتا لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاندووە: بڕیارماندا بە ڕاگەیاندنی سێ ڕۆژ ماتەمینی بۆ گیانی شەهیدانی خۆپیشاندانەکانی بەغدا و زیقار و نەجەف و شارەکانی دیکەی عێراق.
پارێزگاری بەغدا، جەختیشی کردووەتەوە لەسەر پێویستی پاراستنی ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکان بەشێوەیەکی ئاشتیبانە بۆ بەدیهاتنی داوا ڕەواکانیان. بەم بڕیارەش، بەغدا چووە پاڵ نۆ پارێزگای دیکەی عێراق لە ناوەڕاست و باشووری وڵاتەکە کە ڕۆژی شەممە، وەک ڕێزگرتن لە گیانی ئەو خۆپیشاندەرانەی کە لە میانی ڕۆژانی ڕابردوودا لە هەردوو پارێزگای نەجەف و زیقار کوژران، بۆ ماتەمینییان ڕاگەیاند.
ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی 70 خۆپیشاندەر لە هەردوو شاری نەجەف (ناوەندی پارێزگای نەجەف) و شاری ناسڕیە (ناوەندی پارێزگای زیقار) بە گوللەی هێزە ئەمنییەکان و میلیشیا نەناسراوەکان، کوژران. کەوتنەوەی ئەم ژمارە قوربانییە بە خوێناوێترین ژمارەی قوربانی دادەنرێت لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژ ماتەمینییان لە پارێزگاکانیان ڕاگەیاند.
ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی ڕابردوو نزیکەی 70 خۆپیشاندەر لە هەردوو شاری نەجەف (ناوەندی پارێزگای نەجەف) و شاری ناسڕیە (ناوەندی پارێزگای زیقار) بە گوللەی هێزە ئەمنییەکان و میلیشیا نەناسراوەکان، کوژران. کەوتنەوەی ئەم ژمارە قوربانییە بە خوێناوێترین ژمارەی قوربانی دادەنرێت لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانی عێراق لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە.
ئێوارەی ڕۆژی هەینی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاند، وەک وەڵامێک بۆ بانگەوازی مەرجەعی بالآی شیعەکان لە عێراق، عەلی سیستانی، نامەی دەستلەکارکێشانەوە پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات، لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەماندا دەستلەکارکێشانەوەکەی عەبدولمەهدی پەسند کرا.
بەپێی ئامارەکانی کۆمیسیۆنی بالآی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، ژمارەی ئەو کەسانەی لە خۆپیشاندانەکانی بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، بوونەتە قوربانی گەیشتووتە 432 کوژراو و زیاتر لە 19 هەزار بریندار لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان.

سالّی ئایندە مۆنۆمێنتی جینۆسایدی بارزانییەکان دەکرێتەوە



قائید میرۆ/

پرۆژەی مۆنۆمێنتی جینۆسایدی بارزانییەکان لە قۆناغی کۆتایی دایە و بەڕێوەبەری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزانیش ئاشکرای کرد، لە لایەن کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتییەوە کاروباری ناوەوەی مۆنۆمێنتەکە تەواو دەکرێت بۆ پێشوازیکردن لەو کەسانەی دەیانەوێ سەردانی مەزاری جینۆسایدی بارزانییەکان بکەن.

ڕێبوار بارزانی ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: لە هەموو وڵاتێک مۆنۆمێنت پێناسەی شەهیدان و قوربانیانە و ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر لە شاندی بیانی و فەرمی و هاوواڵتیان سەردانی ناوچەی بارزان دەکەن و هەبوونی پرۆژەیەکی وەها سوودی زۆری دەبێت بۆ ناساندنی کارەساتی جینۆسایدی بارزانییەکان.

سالّی 1983 ڕژێمی ئەوکاتی عێراق هەڵمەتێکی ڕەشبگیری دژی بارزانییە سڤیلەکان دەست پێ کرد و لە سێ قۆناغدا هەشت هەزار هاووڵاتیی سڤیلی بارزانی جینۆساید کران و لە بیابانەکانی عێراق زیندەبەچاڵ کران.

کۆتایی بە پرۆژەی مۆنۆمێنتی بارزانییەکان بێت و دواتر لە لایەن کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی و شارەزاوە کار بۆ دیزاین و کاروباری ناوەوەی مۆنۆمێنتەکە دەکرێت، تا بە شێوەیەک بکرێتەوە کە لەگەڵ ئازار و مەینەتیی خەڵکی ئێمە بگونجێت و دەربڕین بێت لە ئازارەکانی کارەساتی جینۆسایدی بارزانییەکان.

پێشکەوتوو ئامادەکاری بۆ ئەو قۆناغە دەکەن.

هاوکات د. بێوار ئاماژە بەوەش دەکات، ئەگەر هەرێمی کوردستان بخەیتە نێو نەخشەی ڕێکخراوی ئۆپێکەوە، ئەوە لە نێوان13 وڵاتی پڕبەرهەمهێنی نەوتدا لە ڕیزبەندی شەشەمدا دەبینرێت، هەروەها ئەگەر ڕێکخراوی ئۆپێکیش بکەین، کوردستان دەکەوێتە ڕیزبەندی سێهەم لە دوای ڕووسیا و مەکسیک.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستی ساڵی 2017 تاوەکو سەرەتای مانگی ئازاری 2019 چوار گرێبەستی لە بواری نەکات، بۆیەش وڵاتانی سەیری دەرەوەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی ڕۆسنەفتی ڕووسی لەبارەی گازی سروشتیدا کردووە. ڕێککەوتنی هەرێم و دانەگازی ئیماراتی لەبارەی گازی سروشتییەوە لە ڕێککەوتی 30ی ئابی 2017 کرا، هەروەها ڕێککەوتنی هەرێم لەگەڵ گەنەڵئینێرجی لە سەرەتای ساڵی 2018 کرا، هاوکات ڕێککەوتنی هەرێم و ئەیلوولی ساڵی 2018واژۆ کرا و، گرێبەستی هەرێم لەگەڵ پێرۆلیۆمیش لە سەرەتای مانگی 3ی ساڵی 2019 واژۆ کرا. هەناردەی گازی سرووشت هەرێمیش لە داهاتوودا تەواو هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی جیهان جێگیر دەکات.

سەرچاوە: KDP.info

یەکێک لە خاسیەتەکانی گازی سروشتی ئەوەیە کە ژینگە پیس ناکات و لە نەوتیش هەرزانترە

هەرێم بە هەناردەی گازی سرووشتی لەسەر نەخشەی وزەی جیهان جێگیر دەبێ

ئەو نەوتەی ئێستا هەیە و لەبەردەستە پێشبینی دەکرێت بەشی 40 تا 50 ساڵی تر نەکات





هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە 5 ترلیۆن پێ سێجا گازی سروشتییە. شارەزایەکی بواری نەوت و گازیش ئاماژە بە گازی سروشتیی کوردستان دەکات و پێیشی وایە تەمەنی نەوت 40 تا 50 ساڵی تر دەخایەنێت. گازی سروشتی بریتییە لە هەموو هایدرۆکاربۆناتەکانی گازی کە بە سستی لە دۆخە سروشتییەکەیدا مابێتەوە، وەک گازی تەڕ، وشک، هەروەها ئەو گازەی لە بەرگی بیردایە هەیە، لەگەڵ ئەو گازەی لە پرۆسەی پوختەکردنی گازی شل لە گازی تەڕ مابێتەوە، جگە لە نەوتی خاو.

پرۆژەی گازی سروشتیی کوردستان لە ساڵی2007 دامەزرا، کاتێک هەردوو کۆمپانیای دانەگاز و نەوتی هێلالی ئیماراتی گرێبەستێکیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کرد بۆ بەدەستهێنانی چەند مافێکی تایبەتیی دیاریکراو بۆ خەملاندن و بەرەپێدان و بەرهەمهێنان و بە بازاڕکردن و فرۆشتنی نەوت و گاز.

هەرێمی کوردستان خاوەنی چەند ترلیۆن پێ سێجا گازی سروشتییە؟

د. بێوار خنسی، شارەزای بواری نەوت و گاز، لە لێدوانێکیدا بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕایگەیاند، هەرێمی کوردستان خاوەنی5 و پێنج 7 ترلیۆن پێ سێجا گازە و لەو ڕێژەیەش 60%ی لە سنووری پارێزگای سلێمانییە.

هەرێمی کوردستان خاوەنی چەند کێلگەی گازی سروشتییە؟

د. بێوار خنسی، ڕوونی کردەوە، کە هەرێمی کوردستان خاوەنی دوو کێلگەی سەرەکیی گازی سروشتییە، ئەوانیش کێلگەکانی کۆرمۆر و چەمچەماڵن. ئەوانیتریش لەگەڵ بەرهەمهێنانی نەوت تێکەڵن، هەر بڕێک نەوت بەرهەم بێت، ئەوەندەش گاز بەرهەم دێت، واتا چەند بەرهەمی نەوت زیاد بێت، بڕی بەرهەمهێنانی گازیش زیاد دەبێت.

هەرێمی کوردستان کەی گاز هەناردەی دەرەوە دەکات؟

بە گوتەی خنسی، هەناردەکردنی گازی سروشتی بۆ دەرەوە پێویستی بە کەشێکی هێمن هەیە، واتا کەشەکە لەبار بێت، هەربۆیەشە لە ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی هاتنی داعش و کێشەکانی هەرێم و بەغدا نەتوانراوە ئەم هەنگاوە بنرێت، نیازیش هەیە داهاتی گازی سروشتی زیاد بکرێت، هاوکات ئەو گازەی بەرهەم دێت، سوود بە کارەبای نیشتمانی دەگەیەنێت و بەشی زۆری کارەبای هەرێمی کوردستانیش لەسەر گازی سروشتییە.

جێگرەوەی نەوت

سەرەڕای بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە یەدەگی گازی سروشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام نەتوانراوە بکرێتە جێگرەوەی نەوت بۆ پرکردنەوەی پێویستییەکانی ناوخۆ و هەناردەکردنی بۆ دەرەوە. ئەمەش لەکاتێکدایە بە وتەی د. بێوار خنسی، ئێستا کۆمپانیاکان پەرە بە گازی سروشتی دەدەن، چونکە یەکێک لە خاسیەتەکانی گازی سروشتی ئەوەیە کە ژینگە پیس ناکات و لە نەوتیش هەرزانترە، ئەو نەوتەیشی ئێستا هەیە و لەبەردەستە پێشبینی دەکرێت بەشی 40 تا 50 ساڵی تر بەرهەم دێت، سوود بە کارەبای نیشتمانی دەگەیەنێت و بەشی زۆری کارەبای هەرێمی کوردستانیش لەسەر گازی سروشتییە.

هۆزەکانی پارێزگای زیقار خاڵی پشکنینیان لەسەر ڕێگاکان داناوە

لە خۆپیشاندانەکانی عێراق زیاتر لە 432 کوژراو 19 هەزار بریندارى لێکەوتۆتەوە

شەوی ڕابردوو هۆزەکانی پارێزگای زیقار چەند خاڵێکی پشکنینیان لە دەروازەکانی پارێزگاکە بۆ ڕێگریکردن لەهاتنەی ژووڕەی کەسانی نەناسراو بۆ پارێزگاکە دانا. بە گوێرەی هەواڵێکی ڕووسیا ئەلیەوم، هۆزەکانی پارێزگای زیقار بە هاوکاری لەگەڵ پۆلیسی پارێزگاکە چەند خاڵێکی پشکنینیان لەدەروازەکانی شارەکە داناوە. هەروەها دانیشتووانی ناوچەکە ڕایگەیاندووە کە لەماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا دەیانی ئۆتۆمبێلی نەناسراو هەوڵیان داوە بێنە نێو پارێزگاکە ،بەڵام هۆزەکان ڕێگەیان پێ نەداون. دوای ئەوەی شەوی یەکشەمە خۆپیشاندەران لەدەوربەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی شاری ناسریە کشانەوە،جارێکی دیکە گرژییەکان دەستی پێکردەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە کۆمسیۆنی بالآی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق دوێنێ یەکشەمە بە ئاژانسی سپۆتنیکی ڕووسی ڕاگەیاندووە: لەماوەی دوو مانگی بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکانی عێراقدا، زیاتر لە 432 کەس کوژراون و 19 هەزار کەسیش بریندارببوون.





تونس.. سەدان ئافرەت بەشداری خۆپیشاندانێک بوون سەبارەت بە تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان

چەند رێکخراوێکی کوردستانی بەشداریان لە کۆنفرانسەکەدا کرد

هۆڵەندا.. 24هەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکە کیمیاییەکان بەڕێوەچوو





ساسان دەرویش - هۆڵەندا

لە پەراوێزی کۆنفرانسی 24هەمین سالانەی نێودەوڵەتی جیهانی لە لاهای، کە رۆژانی 25 ی ئەم مانگە تا 29ی نۆڤمبەری 2019ی خایاند، لە ئۆفیسی رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکە کیمیاییەکان لە شاری دنهاخ بەڕێوەچوو، چەند رێکخراوێکی کوردیش لە کوردستانەوە بە فەرمیی سالانە تێیدا بەشدار دەبن وەک کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە و سەردەشت و چەند کۆمەڵێکی تر، کە 5 رۆژی خایاند. بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم کۆنفرانسە، رۆژنامەی خەبات لە نزیکەوە لە شاری لاهای شاندی کوردستانی لە ئەندامی دەستەی بالای کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، دەدوێنێت.

نوێنەری 193 وڵات و62 رێکخراو بەشداری دەکەن

حیکمەت فائق عارف، ئەندامی دەستەی بالا لە کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە گوتی: پاش ئەوەی کۆمەڵەکەمان، کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بووە ئەندام لە رێکخراوی نێودەوڵەتیی قەدەغەکردنی چەکە کیمیاییەکان، هەموو سالێک بە فەرمیی بانگهێشت دەکرێین بۆ بەشداریکردن لەو کۆنفرانسەدا، سەبارەت بە ژمارەی بەشداربووان لە کۆنفرانسەکە گوتیشی: سالانە بە ئامادەبوونی نوێنەری193 وڵات و 62 رێکخراو لە سەرانسەری جیهاندا بەڕێوەدەچێت، هەروەها گوتیشی: کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، رێکخراوێکی ناحکومییە و هەڵقوڵاوی نێو کەسوکاری شەهیدانە لە سالی 1992وە ئەم رێکخراوە دروست بووە لەڕێر چەندین ناوادا کاری کردووە تا گەیشتووەتە ئەمڕۆ بەناوی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، بۆ ئەوەی لەڕێر یەک چەترا دژی چەکی کیمیایی بوەستین، هەوڵماندواوە ئەو کۆمپانیایەی چەکی قەدەغەکراوی فرۆشتووەتە رژێمی عێراق، راکێشی دادگاکانی بکەین و ئێستاش لە پرۆسەکەداین، هەروەها دەربارەی رەوانەکردنی 42 بریندار شاری هەڵەبجە بۆ دەرەوەی هەرێم و چارەسەرکردنیان لەلایەن بەڕێر مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم، ئەو ئەندامەی دەستەی بالا لە کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی گوتیشی: کارێکی پیرۆز و هەنگاوێکی باشە و دەستخۆشی لێدەکەین و بەردەوام ئێمە و کۆمەڵەکەمان لەگەڵ حکوومەتی خۆمان لە کابینەکاندا بە هەمەهانگی لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان لە هەوڵدابووین بۆ ئەم پرۆسەیە و چەند جارێکیش شاندی بریندارانمان نێردراون بۆ چارەسەرکردن بۆ وڵاتی ئێران، لە کوردستان هیچ پسپۆرێکی وامان نییە تایبەت بێت بە نەخۆشییەکانی بریندارەکانی چەکە کیمیاییەکان، بۆیە دەکرێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان بریندارەکانمان رەوانەی ئەو وڵاتانە بکرێن، کە چارەسەری پێویستی ئەوانی لێیە و دەشکرێت ئەو نەخۆشخانەی ئێستا لە شاری هەڵەبجە هەیە، پڕ بکرێت لە دکتۆری شارەزای ئەو بوارانە.

داوای ئەنجامدانی کۆنفرانسێک لە شاری هەڵەبجە دەکرێت

هۆشمەند مورتاد محەمەد، گوتەبێژ و ئەندامی دەستەی بالا لە کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ خەبات، گوتی: کۆمەڵەکەمان لە ساڵی 2009 لە رێگای کۆمەڵێک لە چالاکوانانی کورد لە بواری رێکخراوەی کاریان دەکرد لە شاری لاهای وڵاتی هۆڵەندا، لە رێگای ئەوانەوە ئەم لینکەمان بۆ دروستکرا تا گەیشتە ئەوەی بە فەرمیی ئێمە ببینە ئەندام لە بەشی رێکخراوە ناحکومییەکان لە ئۆفیسی قەدەغەکردنی چەکە کیمیاییەکان لە شاری لاهای وڵاتی هۆڵەندا و سالانە بە فەرمی بانگهێشت بکرێن بۆ کۆنفرانسەکانیان و بەشدار ببین و ئەمسالیش وتارێکی تێروتەسەلمان بەناوی قوربانیان و کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجەوە لەبەردەم وڵاتانی ئەندام و بەشدار خوێندەوە کە کۆمەڵێک پەیامی گرنگی تێدابوو ،ئێمە لە هەوڵی بەردەوامداین کە بتوانین ئێمەش سوودمەند بین لەم رێکخراوە بۆ زیاتر هاوکاریکردنی شاری هەڵەبجە و قوربانی و بریندارەکانی و هەروەها لە کۆتاییشدا گوتی: ئێمە لە هەڵەبجەوە پەیامان هێناوە بۆ ئێرە لە دڵی کەسوکاری شاری هەڵەبجەوە دامان بە گوێی جیهاندا و ئەوەی پێویستبوو گوتمان کە لێرە کارەساتی هەڵەبجە وەک پێویست لە ئاستی نێودەوڵەتی هاوکاری نەکراوە و دەکرێ لە چوارچێوەی هاوکاری خۆیان، هاواری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی بتوانن هاوکاری بریندارەکانمان بکەن.

خاتوو رووبار ئەندامی دەستەی بالا لە کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە دەربارەی بەشداربوونی خۆی و شاندەکە گوتی: من وەک کەسایەتیی خۆم لە ساڵی 1988وە بەردەوام کار دەکەم، چەند ساڵێکیش چەند خوشکێکی ترمان لەگەڵدا بوون و مانەوەی ئێستا هەر خۆم وەک ژنێک لەوێ کار دەکەم و هاوسەرم و بنەماڵەکەمان هەموویان شەهیدبوون تەنها من و منداڵێک کە ئەوکاتە تەمەنی سێ مانگ بوو، رزگارمان بوو، گوتیشی: من کاری خۆبەخش دەکەم و بەردەوام دەبم بۆ هەڵەبجە لە پێناوی ئاسوودەکردنی رۆحی شەهیدەکانمان و پەیامی بێتاوانی و شەهیدکردنیان بە جیهان بگەیەنین. لێرەوە داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە لەگەڵ بەپارێزگابوونی هەڵەبجە دەستی هاوکاری زیاتر بۆ دریژ بکات و لە ڕووی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی کاری خێراتر بکەن و هەوڵەکان چڕبکەنەوە بۆ بنیادنانەوەی ئەم شارە لە جوانییەکانی و ئاسوودەکردنی شەهیدەکان، هەڵەبجە دەبێ بەردەوام پرۆژەی بۆ بکرێت، ئینجا دێتە ئەو ئاستەی بێتە شارێکی پڕ لە ئاوەدانی، هیوادارم ئەو بیانوانەی لە ڕابردوودا هەبوون لە گرفتی بودجە و شەڕ نەمێنن و هاوکاری شاری هەڵەبجە بکرێت.

عەلی مەحموود ناسراو بە عەلی سیاسی کە چالاکوانی کورد لە بواری پرسی ئەنفال و هەڵەبجە، بۆ خەبات گوتی: لە ساڵی 2001وە لە شاری دنهاخ خۆتان ئاگادارن لەسەر ئاستی جەماوەری گردبوونەوەیەکی گەورەمان کرد بۆ یادی هەڵەبجە لەبەردەم دادگای نێودەوڵەتی لاهای کە خۆشت لەگەڵمان بووی و ساڵانە لە مەیدانی دام لە شاری ئەمستردام هەموو ساڵ یادی هەڵەبجەمان دەکردەوە لەگەڵ ئەوەی لەبەردەم ئەم رێکخراوە نێودەوڵەتیش یادمان کردوونەتەوە و یەکێک لە داخوازییەکانمان ئەوەبوو کوردەکان ساڵانە بەشداری ئەم یادکردنەوەیە بکەن، بەداخەوە ئەوە چەند ساڵێکە یادکردنەوەی هەڵەبجە بە فراوانیی ناکرێت، بەهۆی ئەو ڕووداوە نوێیانەی دەهاتنە پێشەوە، بەڵام دەبێت هەڵەبجە هەر هەڵەبجە بێت و دەبێت ڕەوەندی کورد لە 16ی ئازاری هەموو ساڵێک ئەم یادە بەرز و پیرۆز ڕابگرن لەنێو شەقام و بەردەم رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەک پرۆسەیەکی سیاسی سوودی هەبێت بۆ گەلەکەمان.



عیماد تەها

سەرۆکی حکوومەت لە یەکەم سەردانی فەرمی خۆی بۆ تورکیا

دوای تێپەڕینی نزیکەی ساڵێک بەسەر پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز مەسرور بارزانی، لە یەکەم سەردانی فەرمی و نێودەوڵەتی خۆی و بە تایبەت بۆ وڵاتانی ناوچەکە، لەسەر بانگهێشتی فەرمی تورکیا سەردانی ئەو وڵاتەی کرد. لەم سەردانەدا لە لایەن گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتە و لە رێوڕەسمێکی شایستەدا پێشوازی لێ کرا کە تەواو پرۆتۆکۆلی پێشوازییەکە لە ئاستێکی بەرز بوو و ئالای کوردستان و عێراقی بۆ دانرا لە پاڵ ئالای تورکیا و لە میدیا فەرمی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا نووسرا "سەرۆک ئەردۆغان پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد". سەردانەکەی بەڕێز مەسرور بارزانی لەم کات و ساتەدا کە بارودۆخی ناوچەکە لە گۆڕانکاری و ئاڵۆزی و گرژییەکی گەورەدایە و ماوەی دوو ساڵە پەیوەندییەکانی کوردستان و تورکیا لە دوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی سستی و لاوازیی پێوە دیار بووە و جۆرێک دوورکەوتنەوەی تێ کەوتووە. ئەم پەیوەندییە چەندین ڕەهەندی گرنگ و تایبەتمەندی هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە، واتا لە کایەکانی بازرگانی و ئابووری و سیاسی و ئاسایشی ناوچەکە چەندین بابەتی تریش. ڕاستە بەڕێز مەسرور بارزانی وەکو سەرۆکی حکوومەت یەکەم جارە بە فەرمی بانگهێشت دەکرێت، بەڵام پێویستە لەبیر نەکرێت کە بەڕێزیان سەرۆکی گرنگترین و گەورەترین دامەزراوەی ئەمنی بووە. لە هەموو قۆناغ و گۆڕانکارییەکاندا و بەردەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەرێم و وڵاتانی ناوچەکە و نێودەوڵەتیش کارکتەرێکی سەرەکی و دیار بووە ، لە هەمان کاتدا توانیویەتی هێز و هاوسەنگی لە نێوان هەرێم و وڵاتانی دراوسێ و هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان بپارێزێت .

مەبەستمە تیشک بخەمە سەر پێگە و ڕۆڵ و کاریزمای بەڕێزیان بە ڕاوبۆچوونی کەسایەتییە شارەزا و گەورە بەرپرسان و سەرۆک و سکرتێری لایەنە سیاسییەکان کە جێگەی ستایش و دڵخۆشییە و بە تایبەت کە لە هەموو میدیاکان ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی هەبووە. بەرەوپێشچوون و پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و دراوسێکان ئاسایش و سەقامگیری زیاتر لە ناوچەکە بەرقەرار دەکات ، چونکە ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی گرنگ و سەرەکییە بۆ سەقامگیریی ناوچەکە بە تایبەتی بۆ دەوروبەرمان. هەروەها دەکرێ سوود لەم سەردانە وەربگیرێت بۆ ئەوەی بنێتە بناغەیەکی باش بۆ دروستکردنی نێوەندگیری لە نێوان پارچەکانی تری کوردستان و پارت و لایەنە سیاسییەکانیان لە لایەکەوە و لە نێوان تورکیا وەکو هێزێکی کاریگەر و بەشدار لە بڕیاردان لە ناو خودی تورکیا و وڵاتانی تریش. پێشم وایە لە داهاتوودا شاهیدی بەرهەم و قازانجی سەردانەکەی بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شاندەکەی یاوەری دەبین بۆ تورکیا.

سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر تورکیا دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە

سیناتۆرێک: ئەمەریکا زوو یان درەنگ سزای تورکیا دەدات

ئابووریناسان: ساڵی 2020 لەڕووی ئابوورییەوە بۆ تورکیا ساڵێکی پر کێشە دەبێت



ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی ئەمەریکی، کە زۆربەی ئەو زانیارییانەی بڵاوی دەکاتەوە ڕاستن و سەرچاوەکانی بەردەوام بووەتە جێی باس و خواسی میدیا جیهانییەکان، ئاشکرای دەکات کە سزا ئابووریەکانی ئەمەریکا بۆ سەر تورکیا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

گۆڤاری بەناوبانگی ئەمەریکی "Defense News" لە بەدواداچوونێکدا لەبارەی پەیوەندیی نێوان ئەمەریکا و تورکیا دوای ئەوەی تورکیا مووشەکی بەرگریی S400ی بەبێ پرسی ناتۆ و ئەمەریکا لە ڕووسیا کڕی، ئاشکرای دەکات ئەمەریکا بە تونڈی سزای تورکیا دەدات.

ئەو گۆڤارە لەبارەی ئەکتیڤبوونی ئەو سیستەمە لە تورکیا، پێی وایە ئەو وڵاتەی زۆر بە وردی چاودێریی دۆخەکە دەکات هیندستانە، چونکە دوای تورکیا هیندستانیش بە نیازە هەمان مووشەکی بەرگری لە ڕووسیا بکڕێت.

گۆڤارەکە هەروەها نووسیویەتی: دۆنالد ترەمپ یەکێک بووە لەو هۆکارانە کە نەیهێشت ناتۆ و ئەمەریکا سزای ئابووری بەسەر تورکیادا بسەپێنن، بەڵام ئەو نەرمییەی ئەمەریکا بۆ تورکیا لەبارەی کڕینی مووشەکی بەرگریی S400ی ڕووسیی، هیندستانیش دەهێنێتە جوولە، بۆیە هیندستان بە وردی چاودێریی ئەو بارودۆخە دەکات، بۆیە سزای ئەمەریکا بۆ تورکیا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەو گۆڤارە ئاماژەی بەوەش داوە هیندستان وەکوو پێشەکی بڕی 800 ملیۆن دۆلاری داوەتە ڕووسیا تا بیکاتە خاوەنی مووشەکی بەرگریی S400 بڕیارێشە لە 2025 هیندستان بکاتە خاوەنی ئەو مووشەکە، بەڵام ئەمەریکا بەربەستی بۆ دروست دەکات.

هەر لە شڕۆڤەکەی گۆڤارە ئەمەریکییەکەدا هاتووە: ئەگەر هیندستان هۆکارێکی ڕاست و باوەڕپێکراو بداتە ئەمەریکا بۆ کڕینی ئەو مووشەکە، ئەوکات کۆشکی سپی و پێنتاگۆن گفتوگۆی لەبارەوە دەکەن، بەڵام پێ ناچێت ئەمەریکا ڕێگە بدات هیندستان لە ڕووسیا نزیک بێتەوە.

لە لایەکییەکەوە، سیناتۆرێکی ئەمەریکی قسەی بۆ گۆڤاری نااوبراو کردووە و، دەڵێت زوو یان درەنگ سزای تورکیا دەدەن، چونکە ئەگەر سزای تورکیا نەدەن، ئەوکات هیندستانیش بەبێ پرسی ئەمەریکا گرێبەست لەگەڵ ڕووسیا دەکات و دەبێتە خاوەنی مووشەکی بەرگریی .S400 ئەگەرچی لە مانگی نیسانی 2020 تورکیا مووشەکی بەرگریی S400 لە تورکیا ئەکتیڤ دەکات و بەکاری دەهێنێت، بەڵام تاکوو ئێستا ئەمەریکا خۆشحاڵ نییە بەو هەنگاوەی تورکیا و هەڕەشەی سەپاندنی سزای ئابووری دەکات. بۆیە ئابووریناسان پێیان وایە، 2020 بۆ تورکیا لەڕووی ئابوورییەوە ساڵێکی پر کێشە دەبێت، بەتایبەت ئەگەر ئەمەریکا سزاکانی بۆ سەر تورکیا بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەمەریکا 20 بارهەڵگری سەربازی لە عێراقەوە گواستەوە ڕۆژئاوای کوردستان

سوپای ئەمەریکا 20 بارهەڵگری سەربازی لە عێراقەوە دەگوازێتەوە ڕۆژئاوای کوردستان. بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕیRT ی ڕووسی، کە زانیارییەکانی لە سەرچاوە میدیاییەکانی ڕژێمی سووریا وەرگرتووە، ئەو 20 بارهەڵگرە سەربازییە گەیشتوونەتە پارێزگای حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان. پێش چەند ڕۆژێکیش 60 بارهەڵگری دیکەی سەربازیی ئەمەریکی گەیەندرابوونە سنووری کێڵگە نەوتییەکانی ڕمێلان لە ڕۆژئاوای کوردستان. دوای هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ئەمەریکا هێزەکانی خۆی کشاندەوە و دواتر بەشێک لەو هێزانەی بۆ «پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان» گەڕاندەوە ئەو بەشەی کوردستان. ڕۆژی چوارشەمە 2019/10/9 بە سەرپەرشتیی ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا، هێرشی زەمینی و ئاسمانیی سوپای تورکیا و گرووپە تۆندڕەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، دەستپێکرد.



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر:

شەهید عەزیزێن وەڵاتێ مەنە

سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا بەرپرسێ نڤێسینگەها شەهیدان ل سنوورێ لیژنا ناوچا دهۆک دگەل هەژمارەکا مالباتێن شەهیدان کۆمبوو، ئەڤە و د ڤێ کۆمبوونێ دا بەرپرسێ لقێ تەکەز ل سەر وێ ئێکێ کر کو دێ د بەردەوام بێن د هاریکاری و چارەسەرکرنا نەساخاییێن مالباتێن شەهیدان و ئەڤە پترە ژ 3سالانە ئەڤ پلانە یا بەردەوامە و خزمەت کرنا مالباتێن شەهیدان ب ئەرکێ ل سەر ملیێن خوە د زانین، چونکی شەهید عەزیز و خوشتڤیێن وەلاتێ مەنە.

وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

41 حاڵەتی تازەی نەخۆشی ئایدز لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی ئایدز راگەیەنرا، لەمبارەیەوە د. سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پریس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند: سەنتەرەکانی هاوسەرگیری و تالاسیما و وەرگرتنی خوێن و پشکنینەکانی تاقیگەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بەشداری هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی ئایدز دەکەن.

گوتیشی: سالانە هەرێمی کوردستان بەشداری لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڤایرۆسە مەترسیدارە دەکات و هەموو دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانیش بەشدارن لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو هەڵمەتە. لەبارەی ئامارەکانیشەوە گوتی: ئەمساڵ لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان 350 هەزار پشکنینی خوێن بۆ ئەو ڤایرۆسە بۆ هاووڵاتیان ئەنجام دراون و 41 حاڵەتی تووشبوونی تازە بە ڤایرۆسی ئایدز تۆمار کراون کە 39یان بیانی بوونە و 2یان کورد بوون. لە ساڵی 1988وە 1ای کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی جیهانی نەخۆشی ئایدز دیاری کراوە.

کونسوڵی گشتی چین ئامادەیی وەڵاتەکەی دەربڕی بۆ هاوکاریکردنی لە بەشداریکردنی پڕۆژەکانی وەزارەتی کارەبا



بەمەبەستی هاندانی وەبەرهێنان و بەشداریکردنی کۆمپانیاکانی بیانی لە بەهێزکردنی ژێرخانی کارەبا لەهەرێم، ئەندازیار کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبا پێشوازی لە نی ڕۆچی کونسوڵی گشتی وڵاتی چین لەهەرێمی کوردستان کرد، لەدیدارێکدا وەزیری کارەبا وێڕای بەخێرهاتنی شاندی میوان سوپاسی گەل و حکومەتی چینی کرد لەبەرامبەر ئەو گرنگیدانەیان بە هەرێمی کوردستان و بەشداریکردنی کۆمپانیاکانی وڵاتی چین لە کار و پڕۆژەکانی وەزارەتی کارەبا، ئامادەیی وەزارەتیشی نیشاندا بۆ پێشکەشکردنی هەموو هاوکاری و یارمەتییەک کە دەبێتە هۆی زیادکردنی وەبەرهێنانی ئەو وڵاتە لەکەرتی کارەبا و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆیان لە پڕۆژەکانی وەزارەت، بەتایبەتی لەبواری هایدرۆپاوەر کە وڵاتی چین تواناو شارەزاییەکی بەرزی لە دروستکردنی بەندار و سوود وەرگرتن لە بەرهەمهێنانی کارەبا هەیە لە ڕێگەی هایدرۆپاوەرەوە. لەلایەن خۆشیەوە کونسوڵی گشتی چین لەهەرێمی کوردستان سوپاسی وەزارەتی کارەبای کرد و ئامادەیی وڵاتەکەی دەربڕی بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بەشداریکردنی پڕۆژەکانی وەزارەتدا.

د پلانا پاریزگەها دهوکێ دایە د چوار ساڵێن بهێتدا 282 قوتابخانێن نوو بهێنە ئاڤاکرن



دوهی 2019/12/1 ئالان حەمە سەعید وەزیرێ پەروەردا حکومەتا هەرێما کوردستانێ و شاندێ دگەلدا سەردانا کوچکا پاریزگەها دهوکێ کر و ژلایێ فەرهاد ئەمین ئەتروشی پاریزگەرێ دهوکێ ڤە هاتنە پێشوازی کرن، د هەڤدیتنەکێ دا ب ئاماژەبوونا ریڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردا پاریزگەها دهوکێ بەحسێ رەوشا پەروەردە و فێرکرنێ ل سنورێ پاریزگەها دهوکێ و پێدڤی و کێم و کاسیێن وی کەرتێ گرنگ هاتە کرن، پاریزگەرێ دهوکێ کورتیەک دا سەر رەوشا خاندنێ و پێدڤییێن کەرتێ پەروەردێ ژ قوتابخانا و باخچێن زاروکا و نەخاسمە پشتی هاتنا ریژەکا مەزن یا ئاوارا بو سنورێ پاریزگەها دهوکێ و داکوکی کر کو پێدڤیە وەزارەتا پەروەردێ پتر پشتەڤانیێ ل کەرتێ پەروەردا پاریزگەها دهوکێ بکەت چونکی بارەکێ گران یێ ئاوارا کەتیە سەر خاندنگەهێن پاریزگەهێ.

وەزیرێ پەروەردێ دەست خوشی ل پاریزگەرێ دهوکێ و کارگێریا پاریزگەهێ و ریڤەبەریا پەروەردێ کر کو ل ڤان کاودانییێن سەخت و تەنگاڤ پروسا خاندنێ بەردەوام کریە و ب رەنگەکێ سەرکەفتی بەردەوامی پێ هاتیە دان و پشتەڤانیا پاریزگەرێ دهوکێ بو پەروەردا پاریزگەهێ ب بەرزی ل قەلەم دا.

بەرپرسی لقی 16: دەبێت لاوان ئازادبن لە کار و بیرکردنەوەکانیاندا



بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە تۆیژی لاوان لە سنووری دهوروبەری شاری هەولێر و خستنەڕووی کار و چالاکییەکان، بەئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە کارگێڕانی لق و بەرپرسی یەکە ئیدارییەکانی سنووردکە و ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی سنووردکە و ناوەندی بالای دەشتی هەولێر ئاماژەی بە ڕۆڵی گرنگی لاوان کرد لەخەباتی رزگاری نیشتیمانی و ڕێکخراوەکەدا لەپێناو خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بەگشتی و تۆیژی لاوان بەتایبەتی، بۆیە ئومێد دەکەم ئەرک و بەرپرسیارێتی خۆتان بەوپەڕی ئازادی و دڵسۆزییەوە ڕاپەڕێنن بۆ ئەوەی باشترین خزمەت بە تۆیژی لاوان بکەن و هەڵگری ئەو دروشمە بن کە بارزانی نەمر دەڵێت با لاوان ئازادبن لەکارو بیرکردنەوەیاندا.

زانیاریی لەبارەی بە هەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرێبەست دەخرێتەڕوو

بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، کە نەک تەنها مامۆستایانی گرێبەست، بەڵکو حکوومەت بڕیاری داوە سەرجەم فەرمانبەران بکرێنە هەمیشەیی.

محەمەد ئیلخانی، بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەکو هەنگاوی یەکەم بڕیاری دا کە سەرجەم مامۆستایانی گرێبەست بکرێنە هەمیشەیی و ئێمەش لە پەرلەمان پڕۆژەیەکمان ئامادە کرد و خوێندنەوەی یەکەمیشمان بۆ کردووە، بۆ ئەوەی ئەوانەی دیکەش بکرێنە هەمیشەیی، بەڵام هێشتا ئێمە پڕۆژەیاساکەمان پەسەند نەکردووە، حکوومەتیش بڕیاری داوە کە سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی گرێبەستن لە هەرێمی کوردستان لە هەموو دامودەزگاکان بکرێنە هەمیشەیی".

ئیلخانی باسی لەوەش کرد، لە ئێستادا ڕێنماییەکان دەرچوون و سەرجەم فەرمانبەرانی گرێبەست دەکرێنە هەمیشەیی.

لە گۆڕستان گەنجێک بە چەقۆ کوژرا

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بڵاوی کردەوە کە کاتژمێر 9:25ی شەوی ڕابردوو تەرمی گەنجێک بەناوی (س . ح . ئ) لەدایکبووی ساڵی 1997 کە پیشەوەرە و دانیشتووی قەڵادزێیە لە گۆڕستانی ڕاپەڕین لەلایەن مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی فریاکەوتنی پشدەر گەیەندرایە نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ کە لەلایەن کەسێکەوە بەهۆکاریکی نادیار لە گۆڕستانی ڕاپەڕین بەچەقۆ هێرشی کراوەتەسەر و دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بڵاویشی کردووەتەوە کە لە شوێنی ڕووداوەکەش تۆمەتبارەکە لەلایەن پۆلیسی فریاکەوتن دەستگیرکراو بەبڕیاری دادوەر و بە ماددەی 406 بەندکراوە، پاش گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە و تۆیکاری بۆ لاشەکەی ڕادەستی کەسوکاری کرایەوە، دۆسیەی لێکۆڵینەوەش بۆ لێکۆڵینەوەکە کراوەتەوە و ڕووداوەکە لەلایەن پۆلیسی گەرمیان، حەوت سەرپێچیکاری ژینگە دەستگیرکران

خەبات ـ سەریە یوسف

سەرکەوت ڕەحیم گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان ڕایگەیاند: لەم هەفتەیەدا مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پێبازی سەر بە بەشی کەلاری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بەسەرپەرەشتی لێپرسراوی بنکە، توانیان4 سەرپێچیکار دەستگیربکەن کە 2چەکی ڕاویان پێبوو، لەگەڵ 1 لایت، ئەو سەرپێچیکارانە کە بۆ مەبەستی ڕاوکردنی ئاژەڵ و بڵندەی کێوی هاتبوونە سنووری چالاکی بنکەی ناوبراو.

ئەوەشی خستەڕوو کە هەر لەم هەفتەیەدا لە سنوری شارەدێی قۆرەتووی سەر بە شارۆچکەی خانەقین 3 ڕاوچی دەستگیرکران کە چەکی تایبەت بە ڕاویان پێبووە.

خولی پێداگۆجی لە زانکۆی سەڵاحەددین دەستی پێکرد

بۆ ماوەی شەش مانگ بەشداریان لە پڕۆگرامی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە وڵاتی فنلاند کردبوو، بەڕێوە دەبردرێت.

بۆیە بە ئامانجی دروستکردنی گۆڕانکاری و شێوازی وانەوتنەوە، خولەکانی پێداگۆجی، ڕێگا و سیستەمی نوێی لەخۆ دەگرێت و لەلایەن مامۆستایانی ڕاهێنراوانی سەنتەری پێداگۆجی و پەرەپێدانی ئەکادیمی وانەکان دەوترێتەوە.

شایەنی باسە خولەکانی پێداگۆجی، پڕۆژگرامی نوێی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانە، ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەشداریان لە پڕۆگرامی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە وڵاتی فنلاند لە ساڵی 1988وە 1ای کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی جیهانی نەخۆشی ئایدز دیاری کراوە.

وەزارەتی کارەبا بڕیاریدا بە بڕینی کارەبای بەردەوام

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و دابەشکردنی وزەی کارەبا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر هاووڵاتییاندا وەزارەتی کارەبا بەفەرمانی وەزاری ژمارە 341 لە ڕێکەوتی 2019/11/28 بڕیاریدا بەبڕینی کارەبای بەردەوام تەنیا بە پێدانی کارەبای بەردەوام بۆ نەخۆشخانە حکومییەکان و پڕۆژەکانی ئاو و فڕۆکەخانەکان و بانکی ناوەندی هەرێم و فەرمانگەی پاسەپۆرت و کارتی نیشتمانی و گرتوخانەکان و کۆمەڵگەی خاڵە سنووربیەکان.

لەفەرمانە وەزاریەکەشدا هاتووە بەپێچەوانەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەکان و بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبا بەرپرس دەبن لە هەبوونی هەر کارەبایەکی بەردەوام و ئەو شوێنانەی ناویان لەفەرمانە وەزاریەکەدا نەهاتووە دەبێت بەزووترین کات کارەبای بەردەوامیان بپردرێت.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/12/2 ژمارە (5883)

تۆژینەوەیەکی تایبەت بە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان

فیمینزم چییە، ئافرەتان چییان دەوێت و چی بە شایستەی خۆیان دەزانن..؟



ژنایەتی، لە بنەڕەتدا شێوەیەکە لەو شێوانەی نارەزایەتی لە بەرانبەر بە ئەنقەست دابەشکردنی کۆمەڵگا

ئا: سەردار حوسێن



1

ئەم باسە تایبەتییە، سەبارەت بە بیردۆزەی ژنانە لەبارەی پرسیارێکی چڕ و تۆکمە، کە ئایا ئافرەت چی دەوێت وەک شایستەیەک بۆ خۆی؟ ئایا دەتوانرێت ئەوەی بیرمەند و چالاکوانە ئافرەتەکان لە کۆتایی سەدەی هەژدەمینەوە بەرهەمیان هێناوە، وەک پێناسەیەک لە چوارچێوەی ئەو مافەدا باس بکرێت؟ بەو پێیەی کە بیردۆزێک یان چەند بیردۆزێکی سیاسین؟ ئەگەر لەسەر ئەوە ڕێککەوتین ئەو بنەما ئەبستمۆلۆژییە چییە، کە ئەو بیرمەندانە بیردۆزەکانیان لەسەر بیناکردووە، ئایا دەتوانین بڵێین پاشکۆیەتی و توندوتیژی وای لە (بیرمەندەکانیان) کردووە، کارە هزریی و چالاکییەکانیان لەسەری بینا بکەن؟ چۆن دەتوانین لەسەر وەڵامی ئەو پرسیارانە بنەمایەک دابنێین؟ یاخود ئەو داواکارییەمان بێتەدی؟ بەڵام لێرەدا پێویستە بپرسین: (پاشکۆیەتی) هۆکارەکانی چین؟ ئایا ئەو پرسە جیاوازی بایۆلۆژی یان کۆمەڵایەتی یان مێژوویی یان شتی تر؟ ئایا چۆن گوزارشت لەو هەموو هزر و بیردۆزە سیاسییە جاوازە کراوە؟ هەروەها هەڵوێستی ئافرەتان لەمجۆرە ئاراستانە چین و چۆن گوزارشت لەو بیرکردنەوەو بیردۆزە ژنانە دەکەن؟ ئایا دیارترین ئاراستەو پێشڕەچوونەکان چین کەبەسەر هزری ئافرەتدا هاتوون؟

بۆ ئەوەی وەک نموونەیەک لە مێشکدا هێنێتەوە، کە ژنایەتی وەک هزر و وەک پیادەکردنیش بە شێوەی دەستکەوتێکی رۆژئاوایی بێ رکابەر هێنێتەوە، بەڵام ئێمە تا چەند کۆکین لەسەر ئەوەی ئەوان بۆ ئێمەیان جێهێشتووە؟ دەتوانرێت وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ سرووشتی وەرچەرخان و قۆناغەکانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بدرێتەوە، کە ئەو کۆمەڵگایانە بەخۆیانەوە بینیووەو ڕەنگی داوەتەوە، دواتریش لە بیرکردنەوەدا وەک بەرهەمێکی ئەو وەرچەرخانانە هەژمار دەکرێ.

هەموو ئەوانەش لە کاتێکدا ڕوویانداوە کە جیهانی رۆژهەڵات بەدەست دەمارگیری فیکریی و دواکەتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەینااڵند، گرنگترین ئەو هۆکارانەش بۆ خودی رۆژئاوا دەگەڕێتەوە، کە خۆی لە سیاسەتی کۆلۆنیالی و سیستەمە قۆرخکارییەکەی دەبینێتەوەو ئەو کۆمەڵگایانەیش بەدەستییەوە دەیاننااڵند.

ئێمە لە ئێستادا لەسەر ڕێڕەوی وەاڵمدانەوەی ئەو پرسیارانەین، هەوڵ دەدەین کارەکە دابەش بکەین، تاوەکو ئەم بایەتانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

یەکەم: ژنایەتی (فیمینیزم) سرووشتی هزری ژنانەو ئاراستەکانی، پاساوەکانیان چین، بەتایبەتی لە داواکردنی یەکسانیدا؟ ئایا لە سنووری بوارەکانی دەڕەوەی مااڵدا دەوەستێت، کە خۆی لە جیاکاری نێوان ژن و پیاو دەبینێتەوە لەبواری ئابووری و سیاسیدا؟ یاخود ئەو سنوورە دەبڕێت بۆ ناوخۆی مااڵن و خێزانیش، کە خۆی لە توندوتیژی (ژێرپاسیۆن)و چاوەڕوانکراو لەسەری و چوونە ژێرباری ئافرەت دەبینێتەوە؟ کە ئەوەیش لەژێر کاریگەریی زنجیرەیەک لە بەهاو نەریتی داسەپاو بەسەریدا دەبینرێتەوە.

دووەم: کاریگەرییە هزرییەکان لە پێکهاتەی عەقڵی رۆژئاوایی و دەرئەنجامەکانی سەبارەت بە هەڵوێست بەرانبەر بە ژن. هەر لەو ئاماژە سەرەتاییانەی لە کتێبە ئاسمانییەکانی چاخی کۆن و نوێدا هاتوون، تا دەگاتە خودی ژن و ئاوڕلێدانەوەی، بە تێپەڕبوون لە بۆچوونەکانی ئەفاڵتوون و ئەرەستۆوە بیگرە تا دەگاتە ئەو هەڵوێستانەی ڕۆسۆ و میل و مارکسیەتی کالسیکی، سەبارەت بە تێڕوانین لە ئافرەت و ماف و ڕۆڵیان لە دەربازبوون لەو سیستەمە سیاسییە (سەرمایەدارییە)ی بەرقەرار بووە و بەردەوامە، تا دەگاتە ئەو هەڵوێستە بوونییەی (وجودی) کە خۆی لە (سیمون دوبوفوار) دەبینێتەوە سەبارەت بە ئافرەت.

سێیەم: پێگەی هزریی ژنان لەسەر نەخشەی بیردۆزی سیاسیدا. دەبێ لەسەرەتادا پێناسەی بیردۆزی سیاسی لەپێناو گەمارۆدان و واتای گشتیدا بکەین، دواتر دەچینە سەر ئەوەی بیردۆزی ژنانە هەوڵ بۆ چی دەدات و دەیەوێ بگاتە چی، لەو لایەنەوە کە پێگەی بیردۆزی ژنانە لەسەر نەخشەی پۆلێنکردنی تایبەت بە هزری ئافرەت هەیەتی.

چوارەم: لەم بەشەی ئەو تۆژینەوەیەدا، ڕەوتی بیرکردنەوەی ژنان بۆ داواکاری ژنان دەگۆڕێت، هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمینەوە لە ئەورووپا بەرەو نیوەی سەدەی بیستەم، تا دەگاتە ئەو داواکارییانەی لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا بەدەستیان هێنا، هەر لەم تەوەردا گفتوگۆ لەسەر بیردۆزەی ژنانەی سیاسەت و دابەشبوونە سەرەکییەکانی دەکەین.

ا _ژنانی لیبرال. ب _ژنانی ڕادیکال. ج _ژنانی سوسیالیست. د _ژنانی دوای نوێگەری.

یەکەم: هزری ژنایەتی (فیمینیزم)

ژنایەتی، لە بنەڕەتدا شێوەیەکە لەو شێوانەی نارەزایەتی لە بەرانبەر بە ئەنقەست دابەشکردنی کۆمەڵگا، کە هەموو ئەو هۆکارانەش بۆ خودی رۆژئاوا دەگەڕێتەوە، کە خۆی لە سیاسەتی کۆلۆنیالی و سیستەمە قۆرخکارییەکەی دەبینێتەوەو ئەو کۆمەڵگایانەیش بەدەستییەوە دەیاننااڵند.

ئێمە لە ئێستادا لەسەر ڕێڕەوی وەاڵمدانەوەی ئەو پرسیارانەین، هەوڵ دەدەین کارەکە دابەش بکەین، تاوەکو ئەم بایەتانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

یەکەم: ژنایەتی (فیمینیزم) سرووشتی هزری ژنانەو ئاراستەکانی، پاساوەکانیان چین، بەتایبەتی لە داواکردنی یەکسانیدا؟ ئایا لە سنووری بوارەکانی دەڕەوەی مااڵدا دەوەستێت، کە خۆی لە جیاکاری نێوان ژن و پیاو دەبینێتەوە لەبواری ئابووری و سیاسیدا؟ یاخود ئەو سنوورە دەبڕێت بۆ ناوخۆی مااڵن و خێزانیش، کە خۆی لە توندوتیژی (ژێرپاسیۆن)و چاوەڕوانکراو لەسەری و چوونە ژێرباری ئافرەت دەبینێتەوە؟ کە ئەوەیش لەژێر کاریگەریی زنجیرەیەک لە بەهاو نەریتی داسەپاو بەسەریدا دەبینرێتەوە.

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان/ بنکەی کوردستان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٥/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو:
جوتیار علی حکیم عزیز
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان/ بنکەی کوردستان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٣١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٦٦٤/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/١١/١٠
بۆ/ تاوانبار (سان دیپ کیبانگ)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٢٦٦٤/ك/٢٠١٨ بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ٣٩ لە یاسای مانەوە حوکم درا بەسەرتا بە حبسی سوك بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ بەپێی مادەی ٣٩ لە یاسای مانەوە بێگانەکان ژمارە ٧٦ سالی ٢٠١٧.
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادەر/شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ١٠١٦/ك/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٩/١١/٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو (شاهۆ کریم معروف)
ناوی دایکی/ سامیە مصطفی قادر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٣٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون (غیابی) بەشێوەی ئاشکرا لە دۆسیەی کەتنی ژمارە ١٠١٦/ك/٢٠١٦ بریاردرا تاوانبار بکرێت بە بەپێی مادەی ٢٢٩ لە یاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە غرامەکردنت بە بەندکردنت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ ئەژمارکردنی ماوەی راگرتنت لە ٢٠١٥/٦/١٧ تاکو ٢٠١٥/٦/١٨ وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادەر/کامل توفیق سعید
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٣٦/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/١٠/١٦
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی
ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (ڕێبوار خالد محمد فاتح)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢) لەیاسای قەدەغەکردن و خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٨٥/ج/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/١٠/٣
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی
ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو (برهم عثمان رشید و احمد عثمان رشید)
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بەپێی مادەی (٤٣١) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوتان نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارتان بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانتان لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.
دادەر / جمال صدرالدین علی
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٠٤/ج/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/١٠/٣
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی
ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (یاسین قادر محمود)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/١٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / جمال صدرالدین علی
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٤٣٩/ج/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/١٠/٣
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی
ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (هەڵۆ جلیل احمد)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/١٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / جمال صدرالدین علی
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ٢٥٨/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٣
ئاگاداری
سکاڵاکار/ محمد رسول احمد
تۆمەتبار/ پیشوا مراد بابکر
بۆ تۆمەتبارن پیشوا مراد بابکر کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە ڕێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەڕۆی ٢٠٢٠/١/٢٨ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٢٥٨/ك/٢٠١٩ بەپێی مادەی (٤٥٣) لەیاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادەر/ جبار رضا احمد
***
دادگای کەتنی سیدصادق
ژمارە: ١١٨/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٧
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (سنگر صالح حسن)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگای بکرێیت بەپێی مادەی (٤١١) لەیاسای (سزادان) لەو کێشەی کەتایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (حەسار) کەتیایدا (١- احمد شکور احمد ٢- عائشە فریق جوامیر) سکاڵای لەسەرت تۆمارکردووە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لەسەرت لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لەرۆژی (٢٠٢٠/٢/١٨) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی بەمەبەستی دادگاییکردنت یاخود خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس و خۆت تەسلیم بکەیت بۆ ئەوەی بتهێنین بۆ بەردەم دادگا لەرۆژی دیاریکراوی سەرەوەدا بەپێچەوانەوە بەپاشملە (غیابی) دادگایی دەکرێیت و خۆت بەرپرسیارئەبیت، پشت بەستن بە ئەحکامی مادەی ١٤٣/ج لەیاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان
دادەر/ جمیل جمال محمد
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ١١٥/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٠
بۆ/ تاوانبار: یاسین احمد سعید
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٥ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ١١٥/ت/٢٠١٨ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ٤٤٣ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە (١٠ دە ساڵ).
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادەر / احمد حجی داهر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٣٣٢/ت/٢٠١٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٧
بۆ/ تاوانبار: دەریا اغا احمد ابراهیم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٦ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٣٣٢/ت/٢٠١٦ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ٣٩٤ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە (١٠ دە ساڵ).
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادەر / احمد حجی داهر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ١٦٠/ت/٢٠١٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٠
بۆ/ تاوانبار: ئاراس حمە عزیز رشید
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٥ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ١٦٠/ت/٢٠١٥ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ٩ لەیاسای باری کەسێتی حوکم درا بەسەرتا بە (٦ شەش ساڵ).
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادەر / احمد حجی داهر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٣٠٩٧/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣١
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: شوان مجید احمد زۆراب
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ابراهیم احمد) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیدا ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەپێی ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ کامل توفیق سعید
***
دادگای کەتنی لە شارەزوور
ژمارە: ١٥٢/ج/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/١١/١٧
ناوی تۆمەتباری راکردوو: زانا عزیز احمد
ئاگادری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی ٢١ لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی شارەزوور وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەپێی ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ صلاح الدین احمد عارف
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە / ٨٨١٧
ڕێکەوت / ٢٠١٩/١٢/١٠
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ربیع البراری/ للتجارة العامة/ المحدودة), لە (بەغدا) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بڕیارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت


بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە / ٨٨٣١
ڕێکەوت / ٢٠١٩/١٢/١
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سبزو) بۆ بازرگانی هاوردەکردنی بەروبوومی ئاژەڵی و باڵندە/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بڕیارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢١٢٦٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٨
بڕیار
ئاماژە بەناوەڕۆکی کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لقی کۆمپانیاکان (Guardia Systems International, Ltd) (غواردیا سیستمز انترناشونال المحدودة)ی بەریتانی، ڕاستێندراوە لە قونسلخانەی عیراقی لە (لندن) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٣) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا، وە دانانی بەڕێز (محمود خالد جمال) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوم پەسندکرد پاڵپشت بە مادەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.
ئەم بڕیارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٢٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر


بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢١٢٦٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٨
بڕیار
ئاماژە بەناوەڕۆکی کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لقی کۆمپانیاکان (Guardia Systems International, Ltd) (غواردیا سیستمز انترناشونال المحدودة)ی بەریتانی، ڕاستێندراوە لە قونسلخانەی عیراقی لە (لندن) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٣) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا، وە دانانی بەڕێز (محمود خالد جمال) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوم پەسندکرد پاڵپشت بە مادەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.
ئەم بڕیارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٢٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (غواردیا سیستمز انترناشونال/سنوردار) (Guardia Systems International, Ltd) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1925:
لە ئیتالیا بینیتۆ مۆسۆلینی لە جیاتی دیموکراسی ، تەبەنای فاشیەتی کرد .



ساڵی 1942:
لە شاری شیکاگۆی ئەمەریکا یەکەم کورەی ئەتۆمی خرایە کار .



ساڵی 1956:
دوای ساڵێک لە مەنفا ، فیدل کاسترۆ لە رێگەی بەلەمێکەوە خۆی گەیاندەوە کوبا .



ساڵی 1971:
شەش ئیمارەت یەکیان گرت و وڵاتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو لەژێر سەرکردایەتی زاید بن سولتان راگەیەنرا .



ساڵی 1979:
بارەگای باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە لیبیا لەلایەن 2000 خۆپیشاندەرەوە سوتێنرا .



ساڵی 2015:
لە رووداوێکی تەقەکردن لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمەریکا 14کەس کوژران و 10ی دیکە بریندار بوون .



بارودۆخی ئابووری ڕووسیا

د.خۆشەوی مەلا بڕایم

بەشی دووەم

لە دوای تەنگژەی دارایی – دراوی و هاتنەکایەوەی بارودۆخێکی نوێی ئابووری هەمەکی macro-economics و لە ترسی بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵایسان و بەهاداشکانی ڕۆبڵ، هەروەها لەبەر مەترسی پەرەسەندنی تەنگژەی بانکی لە ناوەڕاستی دیسامبەری ساڵی 2014دا دەسەڵاتداران و بەرپرسانی دارایی ڕووسیا دەستیان بە بەرزکردنەوەی دەرسەدی سوودی بانکیان کرد، مەبەست لەو کارەش بۆ هاندانی زیاتری سەرمایەگوزاری لەلایەن خەڵکەوە بوو، کە پارەکانیان لە بانکەکاندا نەکشێنەوە و پێشگیری لەبەربەستکردنی ئەو دیاردە نەرێنییە بگرن، لە شەوی 15 لەسەر 16ی دیسامبەری 2014دا بانکی ناوەندی ڕووسیا نرخی سوودی بانکی یەکسەرە بە ڕێژەی لە 6,5 % بەرز کردەوە و گەیشتە ئاستی لە 17%، بەڵام لە پاش چەندان هەوڵی ناکامدا بانکی ناوەندی ناچار بوو، کە لە بڕیارێکدا لە 2015-8-3دا بۆ ئاستی لە 11%پاشەکشە لەو بڕیارەدا بکات.

2-هەنارەدەی نێوان بودجەکانیش کەمبووەتەوە.
3-کەمبوونەوەی داهاتی باج بەسەر کەسایەتییە فیزیکەکان.
لەبەر لەبەردەستدانەبوونی سەرچاوەی قەرز، کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی راستەقینەی بودجە. بەپێی بڕیاری سەرۆک کۆماریش کەمکردنەوەی موچەی فەرمانبەرانیش جێبەجێ ناکرێت، بۆیە ناوەندەکانی خۆجێیی ناچارن، کە ژمارەی فەرمانبەرانیان کەمبکەنەوە. لە هەندێک ناوچەدا ناچار بونە، کە پێکهاتەکانی زیادە خەرجیش لەناو ببەن. لەو بارودۆخە نوێیەی، کە لە ساڵی 2015دا هاتووەتە پێش و ئاستی هەڵایسان لە رادەیەکی بەرزدا دەبێت و هەرێمەکان ڕووبەڕووی بودجەی کورتهێنان دەبنەوە، بەڵام دەتواندرێت کە لەو بڕە ئاستە هەڵایسانە نوێیەدا باج وەربگیرێت، کە لە ڕووی ئامارەوە دەتواندرێت، کە ئەو کورتهێنانە قەرەبوو بکرێنەوە، هەروەها ئاستی دابەزینی کۆی بەرهەمی ناوەخۆیش GDP رابگیرێت. لە لایەکی دیکەوە دەرامەتی ڕاستەقینە کەمبوونەوە بەخۆوە دەبینێت. ئەو ناوەندانە لەوانەیە، کە ڕووبەڕووی گەرانەوەی قەرزی پێشووی ماوە بەسەرداچووش ببنەوە.

ئاستی پیشەسازی ڕووسیا و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکان

سەرەڕای کەمبوونەوەی ئاستی سەرمایەگوزاری هەتا ناوەندەکانی ساڵی 2014 ئاستی پێشکەوتنەکانی پیشەسازی لە ڕووسیا لە بەرزبوونەوە دابوو، کە هۆکاری سەرەکیش بۆ گونجاوی نرخی ڕۆبڵ بەرهەمهێنان هاورده دەکرێن بەپێی نرخی دراوی نیشتمانی گران دەبن.
(3) سەرمایەگوزاری ڕووبەڕووی کزبوونەوە دەبێت – لەبەرئەوەی، کە سەرچاوەکانی دارایی ئەوتۆ لەبەردەستدا نابێت و لەبەر ئابڵۆقەکانیش بازاڕی دەرکێش سنووردار بووە، هەرچەندە کە سێکتەری دەرهێنان بە شێوەیەکی جێگری تێکڕای گەشەی ئابووری بریتی بوو لە -1 2%، بەڵام لەمەودوا ئەو گەشەیە ڕادەگیرێت یاخۆ دەکەوێتە ناو بارودۆخێکی بەستوودا لەو هەلومەرجە نوێیەدا وا چاوەڕوان دەکرێت، کە دەستکەوتەکان بکەونە بەر مەترسی زیاتری نزمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا.
3. ئالوگۆڕی بازرگانی و کاریگەری تەنگژە
لە کۆتایی ساڵی 2014دا لە ڕووسیا هاورده بە ڕێژەی لە 9,8%کەمبووەتەوە، ئەو بەرئەنجامەش زیاتر بۆ هۆکاری بەهاداشکانی نرخی ڕۆبڵ دەگەڕێتەوە، تا ئێستە پڕۆسەی کۆتایی بەهاداشکانی ڕۆبڵ دیارنییە، کە هەر ئەو کاردانەوەیە قەبارەی هاورده و هەناردەش سنووردار دەکات. هەناردەی کالاکانی ستراتیجی ڕووسیا وەکو گاز لە سەرەتای ساڵی 2015 بۆ وڵاتانی جارانی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەورۆئاسیا کەمبووەتەوە، چاوەڕوان دەکرێت، کە لە داهاتووشدا بەهای هەناردە کەمبێتەوە هۆکاری سەرەکیی بۆ دابەزینی شیاوی کڕین و ئاستی خواستنی ئەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە. بەپێی بۆچوونی بەشێکی زۆری پسپۆرانی ڕووسیایی پێویستە، کە ئەو بارودۆخە بگۆڕدرێت و چەندان ڕێکاری بە لیبراڵکردنی بازاڕەکان لە پێش بگیرێن.
لە ساڵی 2014دا کۆی هەناردەی بازرگانی ڕووسیای فیدراڵ بە ڕێژەی لە 523,3 ملیارد دۆلار بوو، کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2013بۆ ئاستی 493,6 ملیارد دۆلار کەمبووەتەوە واتە بە ڕێژەی لە (-5,7%)، هەروەها کۆی هاوردەکردن لە ساڵی 2013 دا لە 341,3ملیارد دۆلار بوو، 308,0ملیارد دۆلار، لە ساڵی 2014دا کەمبووەتەوە، واتە بە ڕێژەی (9,8%).وەکو دیارە، کە لە ساڵی 2015دا هەر بەپێی ئەو نرخەی دراوی نیشتمانی، کە جێگیرکراوە هاوردەکردن بە ئەندازەیەکی زۆر بەرچاودەبێت و هاوسەنگی بازرگانی لە بەرژەوەندیی هاوردەکردندا دەبێت.

کێشە و مەترسییەکانی سێکتەری بانکی ڕووسیا

کێشەی سیستەمی بانکی ڕووسیایی و کورتهێنانی سەرچاوەکانی دراوی بانکی هەر لە پێش ئابڵۆقەی ئابووری و دابەزینی نرخی نەوتیش هەر هەبوو. بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وابەستەی بانکەکان بە بانکی ڕووسیا و بارگرانی قەرزی بەرەو زیادبوون چووە، بڕی قەرزی ڕێژەی لە 10%ی کێی بەرهەمی ناوەخۆی ڕووسیا پێکدەهێنێت، لە کاتێکدا ئەو ڕێژەیە لە ساڵی 2009 بە ئەندازەی لە 8%بووە ئەو بڕە قەرزە زۆرە و کەمبوونەوەی ڕادەی بەشداری لە چالاکییەکانی بانکیدا متمانەی نێودەوڵەتی بە سیستەمی دارایی ڕووسیایی هێناوەتە خوارەوە و بارودۆخی دراوی و قەرزی بانکەکانیش سوککردنەوەی ئەو بارودۆخە بانکەکان پێویستیان بە لێکدان و یەکگرتنی سەرمایەکانیان هەیە بۆ ئەوەی، کە توانا کانیان بە ئاراستەیەکی دروست بەکار بهێنن. لە شارە بچووکەکاندا ئەو کارەیە سەرکەوتووانەتر و ئاسانترە. لە کۆی ژمارەی 650 بانک دا تەنیا ڕێژەی لە 5%سەرمایەیان لە دەستدایە، بەڵام بڕی هەرە گەورە واتە لە 95%لە دەستی 200بانکدایە، کە ئەوەش ناکارایی بانکەکانی دیکە دەگەیێنێت. بە شێوەیەکی گشتیی لە ساڵی 2005دا 1258بانک لە ڕووسیادا هەبوو، لە ساڵی 2014بۆ 814 بانک کەمبوونەتەوە و چاوەڕێ دەکرێت، کە لەم ساڵەیشدا یەک لەسەر سێیان ڕووبەڕووی لەناوچوون ببنەوە.

باری دارایی ناوچە و هەرێمەکانی ڕووسیا لە کۆتایی ساڵی 2014و ساڵی 2015دا

لەبەر کەمبوونەوەی داهاتی هەرێمەکان، هەروەها لەبەردەستبوونی ناوەندەکانی دابینکردنی قەرز، هەرێمەکان ناچار دەبن، کە خەرجییەکانیان سنووردار بکەن و ئاستی تێچوونی بودجەشیان کەمبکەنەوە.
لە نۆڤەمبەری ساڵی 2014 دا دەست بە کەمبوونەوەی داهاتی هەرێمەکان و بودجەی دەسەڵاتدارەکانی خۆجێیی ئەو ناوچانە کراوە. دەرامەتی پارێزگە و کۆمارەکانی پێکهێنەری ڕووسیای فیدراڵ لە مانگەکانی ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەری ساڵی 2014لە 6,8%بۆ لە 2,7% بەراورد لەگەڵ هەمان دوو مانگی لە ساڵی 2013دا کەمبووتەوە دەرامەت بریتی بووە لە .2,2%لێردا دەتوانین کە باسی چەندان هۆکاری سەرەکیی دابەزینی داهاتی هەرێمەکانی ڕووسیا بکەین:
1-کەمبوونەوەی داهاتی باج بەسەر قازانجەکاندا، کە لە مانگی ئاپریلی 2014دا دەستپێکردووە و لە مانگی نۆڤەمبەردا بە ڕادەی لە 73%بووە.
2-هەنارەدەی نێوان بودجەکانیش کەمبووەتەوە.



عێراقی پڕی شڕ!!



غازی حەسەن

کورد دەمێکە گوتیەتی کە "جام پڕبوو لەسەری دەڕژێتەوە"، زۆرخواردن نیشانەی برسیەتی نییە، بەڵکو گەلێک جاران بەڵگەیە بۆ بەرچاوتەنگی و قەناعەت نەمان. هەیە لە ترسی نەمان و قاتوقڕی و بیرکردنەوە لەوەی پێڕاناگات،یان لەتاو برسیەتی قەناعەت بەتێربوونی ئێستای ناکات و دەخوات تا شەپەی مێشک و دڵ لێی دەدات. گەلێک لە کاربەدەستانی سیاسی عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، هەمان سیستەمی خۆپڕکردن پەیڕەو دەکەن. تێربوون، کەچی هێندە بەرچاوتەنگ و چاوبرسێن لەخواردن ناکەون. گەندەڵکاران هێندە بێ ئابڕوون، وەکو ئەوەی کەس نەیانناسێت و نەزانرێت کەتێکیان کردووە، بەڕووێکی قایمتر لەپێستی سەگ بانگەشەی داپەڕوەریی و دادگایی خەڵک و گۆڕانی سیستەم دەکەن. چ وێرانیەیەکە ئەم سیستەمە سیاسییەی لەسەر بنەمای تێرنەبوونی (سیاسی و پارە و دەسەڵات و بێ ئەخلاقی و ئاژاوە) بەرێوە دەچێت.

عێراق پڕبووە، ئەم پڕ بوونەش شڕی کردووە، وەکو کەسێکی شەپەڵێدراوی ئیفلیجە، ئیفلیجی دەماغ و مێشک. گەندەڵکاران لەبەر ئەوەی شەپەی مێشک لێداون، دەخۆن و تێرنابن، قسە دەکەن و گوێبیستی هیچ نابن، تاوان دەکەن و هەست بەهیچ شەرمەزاریەک ناکەن.لەچەند هەفتەی ڕابردوودا سەدان کەس بوونە قوربانی هێزێکی بکوژی نادیار، بەهەزارەها بریندارببون، شەقام شلەژاوە، خەڵک دژی دەسەڵاتی ئێران، دژی حوکمی فاشیلی حزبە شیعەکان ڕاپەڕیوە، کەچی هەندێک لەو حزبانە خۆیان وەکو خاوەنی نارەزایەتی و هەندێکیشیان وەکو سزادەری عەبدولمەهدی هەڵسوکەوت دەکەن، پرسیاری هەر گرنگ ئەوەیە ئەرێ بەڕاست، کێ سەرکردایەتی ئەم خەڵکە تووڕە و نارازیە دەکات، هیچ شتێک ئاشکرا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت دژی ئێرانن.

عادل عەبدولمەهدی لە کۆتایی تونێلە داخراوەکەدا پەشیمانی خۆی لە دەسەڵات ڕاگەیاند و بەدەستی بەرزکراوە گوتی: "من تەواو دەسەڵات بەجێ دەهێڵم"و ئاماژەی بەدوو هۆکاری گرنگ کرد: (یەکەم بەتەنگەوەهاتنی داواکاری مەرجەعیەت، دووەمیشیان گوتیەتی ناتوانم لەنێو ئەم هەموو جەردە و دزە حوکم بکەم). باشە دوای دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیران چ دەقەومێت؟ لێرەدا ژمارەیەک پرسیار دەکرێن:

کێ جێگای دەگرێتەوە

عەبادی و هادی عامری بەئاشکرا ئارەزووی کورسییەکەیان هەیە، یەکێکیان سەرچاوەی ئەو کاولکاریی و تووڕەییە کەخەڵک لێی ڕاپەڕیوە، دووەمیشان بەرپرسی حەشدە، بەرپرسی بڵاوبوونەوەی هێزی چەکداری حزبی و میلیشیاییە و یەکێکە لە متمانەدارە بەهێزەکانی ئێران. سەدریش گاڤێک لەئێران و گاڤێک لە نەجەف گوتیەتی نابێت هیچ کەسێکی حزبی بیر لەو شوێنە بکاتەوە. سەرۆک کۆمار یەکێکە لەو کەسانەی دەکرێت شوێنەکەی پڕ بکاتەوە، بەڵام ئەویش گیرۆدەی کۆمەڵێک ئەگەر و مەگەرە. گرنگ هەر کەس و هێزێک ئەو شوێنە وەربگرێت، چەند دەتوانێت چاکسازی بکات و گەندەڵکاران بداتە داگا و گۆڕانکاری لە دەستوور و سیستەمی بەرێوەبردن بکات.

چ سیستەمێک؟

بانگەشەی گۆڕینی سیستەمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی دەکرێت، باسی گۆڕینی دەستووری عێراق دەکرێت، ترس هەیە هێزێکی کوردەتاچیش بێتە پێشەوە، دەستوور و یاساکان بەتەواوی پەک بخات و عێراق بۆ سەردەمی دیکتاتۆری بگێڕێتەوە، یان سەرجەم ناوچەکان تووشی ئاژاوە و گێژاوێکی سیاسی ئەوتۆ بێت، کۆنترۆڵی کارێکی ئەستەم و ئاژاوەیەکی درێژخایەنی نادیار بێت.

ئەمەریکا و ئێران

یەکێک لە مللانێیە سەختەکان پەیوەندی بە ڕۆڵی ئێران و ئەمەریکا و هێزە هەرێمایەتییەکانەوە هەیە. هیچ عەقڵێک بڕوا ناکات، ئێران دەستبەردای شیعە و پێگەی خۆی بێت و لێبگەڕێت هاوپەیمانە مەزهەبییەکەی لە گێژاودا تێکبشکێن. ئەمەریکاش و هەندێک هێزی عەرەبی سوننەش دەیانەوێت ئێران لە عێراق گێسک بدرێت، شیعە ئێرانییەکانیش دابهێزرێن و تووشی ململانێی ناوخۆیی و دابەشبوون و بەگژیەکدا چوونە بن. واتە مەسەلەکە بەجۆرێک ئاڵۆزە، مەگەر ڕووداوێکی لەناکاوی حیساب بۆ نەکراو کێشەکان ڕابماڵێت، یان هێزە گەورەکان سازش بکەن، یان لایەنە سیاسییەکان بەدوای چارەسەری لۆجیکی ناوخۆیی بگەڕێن و دەستوور بکەنە سەرچاوەی چارەسەر و واز لە فکری تۆندوتیژی و خۆسەپێنی و تاکڕەوانە بێنن.

کورد و سوننە و پێکهاتەکان

ئەم دۆخەی لە عێراقدا دروست بووە بۆ کورد ژمارەیەک ئەگەر و گرفانە دروست دەکات، بەشی زۆریان وەکو سەرچاوەی نیگەرانی و دڵەڕاوکی سەیر دەکرێن، چونکە کورد هەمیشە بیر لە دواڕۆژێکی باشتر، نەک چوونە نێو گێژاوی لایەنە عەرەبییەکان دەکاتەوە. لەنێو خۆپیشاندانەکاندا دەنگێک دژی کورد دەبیسترێت. پێشگریمانەی ئەوە دەکرێت هەندێک لایەنی سیاسی (کە لە بنەڕەتدا دژی هەرێمی کوردستان و کوردن) بیانەوێت مانشێت و داواکاری بۆ خۆپیشاندەران دابڕێژن و لە سێبەرەوە بۆ دژایەتی هەرێمی کوردستان هانیان بدەن. لەپێناو: ڕاکێشانی خەڵک بەلای خۆیاندا. دووەم: لە کردەوەشدا دەیانەوێت هەرێمی کوردستان سزا بدەن و پاشەکشە لە سیستەمی فیدرالی و دیموکراسی بکرێت.سوننەی تۆقێنراوی بێ سەرکردە و ڕێبەرایەتیش وەکو بەڕووبان لە دەمدا تەقیبێتەوە، توانای قسەیان تێدا نەماوە، هەندێکیان پاشکۆی دەسەڵاتی حزبە شیعەکانن، هەندێکیشیان هێشتا بە هەوای بەعسیزم و فکری تۆندڕەوی دەژین، وەکو هێزێکی داتەپیووی پەرتەوازەی سەرلێشواوی گۆشەگیر و دەستەوئەژنۆ بەدەم ئازاری خەوەوە سەیری ڕووداوەکان دەکات. پێکهاتەکانی دیکەش بەشێکیان چارەنووسیان بەدیموکراسی و پاڵپشتی دەرەوە و هەرێمی کوردستانەوە بەندە.

ئاژاوە.. چارەنووسێکی نادیار

دەمێکە گوتومانە عێراق بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەچێت، حزبە شیعییەکان بەرپرسی هەڵبژاردنی ئەم چارەنووسەن و نەیانتوانی نمایشێکی گونجاوی متمانەداری پیادەکردنی دەسەڵاتی شیعیانە بن، لەکاتێکدا لە سەردەمی نوری مالیکی و دواتریش بەکردەوە عەبادی بۆ بیناکردنەوەی (ناوەندێکی بەهێز لە بەغدا) دژی هەرێمەکان و بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان و سەرکوتی سوننە هەنگاوی ناشکرایان نا. ئەنجامەکەی (ئەو دۆخەیە، کە شیعە زۆڵمێکراوە برسی و تەزێنراوەکانی شارەکانی خوارو و بەغدا) لەدژی دەسەڵاتی زۆرینەی حزبە شیعییەکان ڕاپەڕین. بارەگا و شوێنی ئاینی و قونسڵخانەی ئێرانیش بسووتێنن. ئەمە هیچ ترس و نیگەرانییەکی نەهێشت، بەپێچەوانەوە ترسەکانی کردە هەقیقەت و نیگەرانییەکانی کردە ڕاپەڕین. خەڵکی عێراقی پڕ بوو لەدژی گەندەڵی و نادادپەروەری بەهەمو هێزییەوە داوای لاچوونی حاکمەکان و گۆڕینی سیستەم و دادگایی گەندەڵکارەکان دەکات، بەکردەوە لەدوو دەیەی ڕابردوودا خەڵک لەبرسیەتی بۆ قاتوقڕی و نەهامەتی و مردن بەدەست ئازاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروردەیی و سیاسی چوون، دەیانەوێت ترس و تۆقاندن نەمێنێت.

چارەسەر

یەکەم: پێویستە هیچ کەسێک، کە پێشتر حوکمی بەدەستەوە بووە، ڕێگە نەدرێت ببێتە سەرۆک وەزیران، یان خۆی هەڵبژێریت و بەشداری حوکم بکات.

دووەم: لە هەڵە و سەرچاوەی هەڵەکانی ڕابردوو بکۆڵدرێتەوە و ئەوانە دادگایی بکرێن، کە بوونەتە سەرچاوەی (گەندەڵی و نادادپەروەیی و تێکدانی بەغدا). هێز لەدەستی دەوڵەت بێت و هیچ هێزێکی چەکداری مەزهەبی لە دەرەوەی سوپا و ئاسایش و هێزە چەکدارەکان نەمێنن.

سێیەم: هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانەی دیموکراسی بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت.

چوارەم: سیستەمی وڵات بەکردەوە بکرێتە فیدرالی، هەرێمەکان دەسەڵاتی تەواویان پێ بدرێت و سوننە ببنە خاوەنی هەرێمی خۆیان، بەسرە و شارەکانی دیکە هەرێمی خۆیان هەبێت و بەغداش هەرێمێکی سەربەخۆ بێت. چارەسەری بنەڕەتی و دەستوری کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر بنەمای مافە دەستوورییەکان بکرێت، هەروەها چارەسەری کێشەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکرێت.

پێنجەم: ڕێگە لە دەستێوەردانی دەرەکی بگیرێت.

شەشەم: پارە دزراوەکان لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق بگێڕدرێنەوە، سەرچاوە دارایییەکان ئاشکرا بکرێن، حکوومەت ببێتە حکوومەتێکی خزمەتگوزار ، نەک (حزب گوزار).

حەوتەم: سیستەمی عێراق دوور بخرێتەوە لە باڵادەستی و ناکۆکی تائفی و تونەڕەویی و خۆسەپاندنی گرووپەکان و لایەنێک، مافە دەستوورییەکانی هاوواڵتیان بەکردەوە بخرێنە کارەوە.

هەشتەم: هاوواڵتیبوون پێوەری سەرەکی بیناکردنەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و لێبوردەیی و پێکەوەژیان و ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان بێت، بایەخ بەمافی مرۆڤ و پەروەردەی سەردەمیانە و بنەبڕکردنی فکری تۆندڕەوی بدرێت.

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
ڕووسیا لە باکووری وڵات مووشەکی جۆری کینجالی تاقی کردەوە ، کە بە یەکێک لە خێراترین مووشەکەکان دادەنرێ .




ئەی ئێف پی :
لە ویلایەتی ساوس داکۆتای ئەمەریکا فڕۆکەیەک کەوتە خوار و لە ئەنجامدا 9 کەس گیانیان لەدەست دا و 3 کەسی دیکە بریندار بوون .



ئیلاف :
لە شاری فلۆرەنسای ئیتالیا و بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر باڵی ڕاستڕەوی توندڕەو دەیان هەزار کەس هەڵڕژانە سەر شەقام .




ڕۆیتەرز:
لە باکووری مەکسیک و لە ئەنجامی بەرپابوونی شەڕ لە نێوان ئەندامانی چەند باندێکی مافیایی 14کەس کوژران .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت :
ڕێکخراوی داعش بەرپرسیاریەتی خۆی بەرامبەر بە هێرشەکەی دوو ڕۆژ لەمەوبەری لەندەن ڕاگەیاند .



کەنالی ئار تی :
ژمارەی قوربانیانی ئەو بومبەلەرزەیەی لە ئەلبانیا ڕوویدا بۆ 51 کەس بەرز بووەوە .



لە ئاسمانی زەوی ئاو و لە هەسارەکانیشدا ئەڵماس و تیزاب و بەفری وشک و میتان دەباریّ!

ئاساییە لای ئێمەی دانیشتوانی زەوی گە دیاردەی بارینی دلۆپە ئاوەکان لە ئاسمانی هەسارەکەماندا ببینین، بەڵام ئایا لە هەسارەکانی دیکەی نێو سیستەمەکەماندا حاڵ وەکو زەوییە؟ یان زۆر جیاوازترە؟ خۆ راستە دیاردەی بارین هەیە لەسەر ئاسمانی چەند هەسارەیەک و پاشکۆیەکی نێو سیستەمی خۆردا، بەڵام ئەوەی دەبارێت هەرگیز ئاو نییە!

سەرەتا، با لە هەسارە گازییە زەبەلاحەکانی (موشتەری و زوحەل و نیپتۆن) دەوە دەستپێبکەین کە بەپێی تیۆرێکی پسپۆڕانی دەزگای JPLی سەر بە ناسا، وە بەهۆی بوونی لێدانی یەگجار زۆر بەهێزی بروسک کە دەگاتە ئاستی 10لێدان لە یەک چرکەدا ئەوا گەردیلەکانی گازی METHAN لەنێو بەرگە هەوایدا تێکدەشکێن و دەبێتە هۆی سەربەستبوونی کاربۆن و ئینجا لەکاتی هاتنە خوارەوەی و تێپەڕبونی بەنێو بەرگە هەوای یەگجار زۆر چڕی (زوحەل) دا ئەو کاربۆنە دەبێتە گرافیت و پاشان لەژێر گوشاری پاڵەپەستۆی مەزندا دەگۆڕێت بۆ دەنکۆڵەی زۆر وردی ئەڵماس بەتیرەی کەمتر لە 1 میلیمەترو پاشان لەبەر کرداری لێکخشاندن لەگەڵ تەنۆچکەکانی بەرگەهەوا دووبارە شل دەبێتەوەو وەک بارانێکی ئەڵماسی شل دەبارێت.

نمونەی دووەم، هەسارەی زوهرەیە، کە بەرگەهەوایەکێ زۆر تەم و مژاوی و زۆر چڕی هەیەو پڕە لە (ترشی کبریتیک) کە ئاوە گشتییەکەی (تیزاب) ە، وائە پێویستە بارانی تیزاب لەسەر رووی ئەو هەسارەیەدا ببارێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پلەی گەرمیی رووەکەی وەک فڕنێکەو دەگاتە 480 پلەی سیلیزیی، ئەو تیزاب بارانە ناگاتە رووەکەی و لە بەرزایی 25 کیۆمەترەوە بەهەڵم دادەچێ.

سێیەمیان، هەسارەی (مەریخ) ە، کە سەرەڕای ئەوەی خاوەنی بەرگە هەوایەکی زۆر تەنکتر لە زەوی، بەڵام کەشتی ئاسمانیی (MRO)چەندین بەڵگەی ئاشکراکرد لەسەر بارینی (بەفری وشک) کە بریتییە لە (گازی دووانۆکسیدی کاربۆن) ی بەستوو لە ژێر 78پلە لە ژێتر سفری سیلیزیی و کەوتن و کەڵەکەبوونی لەسەر رووی ئەو هەسارەیە وەک بەفرێکی سپی، بێگومان پێویست ناکا بڵێم بۆ خواردنەوە هەرگیز دەست نادات!

چوارەم، تایتان ی گەورە پاشکۆی زوحەل ە، کە تاکە پاشکۆیەکە لەنێو سیستەمی خۆردا کە خاوەن بەرگە هەوای تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام بەرگەهەوای (تایتان) پڕە لە گازی METHANEو هەورەها هەڵمی ئاویش، بەڵام لەبەر نزمیی یەگجار زۆری پلەی گەرمیی ئەو بەرگە هەواویەو گازەکانی نێوی، بارین لەوێ بریتییە لە شلەی METHANE نەوەک ئاو کە دەبێتە هۆی دروستکردنی چەندەها دەریاچە، واتە دەریاچە ی پڕ لە METHANEی شل، چونکە پلەی گەرمیی لەسەر رووی (تایتان) یەگجار زۆر نزمەو دەگاتە 179 پلە لەژێر سفری سیلیزیی، بەڵام کاتێک پلەی گەرما کەمێک بەرز دەبێتەوە، ئەوا دەستبەجێ دەبێتەوە هەڵم و ئیدی وەک خولێکی بەردەوام ئاوا بارانی METHANEیی لە ئاسمانی (تایتان) دا دەباریّ.



هەسارۆکەیەکی گەورە بە نزیک زەویدا تێپەڕی

هیچ هەڕەشەو کێشەیەک بنێتەوە، هەسارۆکەی ناسراوە بە 2019 VF1 بەخێراییەکی یەگجار زۆر و بە نزیک زەویدا تێپەڕی.


تیرەی هەسارۆکەی 2019 VF1 دەگاتە 150مەترو بەخێرایی 61956کیلۆمەتر لەیەک کاتژمێردا، واتە، 63جار خێراتر لە فڕۆکەی (بۆوینگ 747) و لە دووریی 510هەزارو 577 کیلۆمەتر بە نزیک زەویدا تێپەڕی.

پێشتر پسپۆڕانی نێو پرۆژەی (تەنە نزیکەکانی زەوی - NEAR EARTH OBJECT) ئاگاداری پێشوەختەی نزیکبوونەوەی ئەو تەنە ئاسمانییە بوون و بە وردی جوواڵەو ڕێڕەوەکەیان دەستنیشان کردەو دەرکەوت بە شێوەیەک هیچ هەڕەشەیەکی بەرکەوتنی نییەو ناشبێت لەگەڵ زەوی و جارێکی دیکەش لە تشرینی دووەمی 2026وەکو ئەمجارەیان لە زەوی نزیک دەکەوێتەوە.

سەرەڕای ئەوی ئاژانسەکانی بۆشایی گەڕیی جیهانیی وەک (ناسا) ی ئەمریکی و (ESA) ی ئەوروپی هیچ هۆشداریەکیان نەداوە لەسەر بوونی هەڕەشەی بەرکەوتنی هیچ هەسارۆکەیەک یان بەردە نەیزەکێکی گەورە بە رووی زەوی، چ لە ئێستا یان لە داهاتوودا، بەڵام ماوە ماوە یەکێ لەو گاشە بەردە مەزن و مام ناوەندی و بچووکانەی کە بێ ژمارن لەنێو بۆشایی ئاسمانی سیستەمی خۆرو تەواوی گەلەستێرەماندا، بەهۆی هێزی کێشکردنی زەوی لێمان نزیک دەکەونەوە، جا هەندێک لەوانە بە تەواوی ناسراون و ماوەیەکی زۆرە لە ژێر ڕوانگەکردندان، بەڵام لە زۆر حاڵەتیشدا (میوانی ناوەخت و نەناسراو) لەو تەنە ئاسمانییە دەردەکەون کە پێشتر بە تەواوی نەناسراو بوونە.

ئەمجارەیان و کاتژمێر 07:29 خولەکی بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەمە 2019.11.25 و بێ ئەوەی زیانێکی زۆر بگەیەنێت بە زەوی، بەڵام بە دڵنیایی دەتوانین بڵێین ئەمجارەیان کۆتا جار نەبوو کە هەسارۆکەیەک بە نزیکی بە زەویدا تێدەپەڕێت.

سیستەمی خۆر بە تەوقێکی یەگجار گەرم دەورە دراوە



(ڤۆیاجەر 2) دەردەکەوێت کەوا پلەی گەرمیی ئەو ناوچەیەی نزیکی بۆتەوە گەیشتۆتە 49427 پلەی سیلیزیی، وە سەرەڕای ئەوەی وا پێشبینی دەکرێت بەهۆی قەڵغانی پاراستنییەوە کەشتییەکە توانیبێتی ئەو نێوەندە ئاگرینییە ببڕێت و رزگاری ببێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە پسپۆڕانی ئاژانسی (ناسا) و بە تایبەتی تیمی سەرپەرشتیار دانیان بەوە ناوە کەوا کەشتییەکەیان ڕەنگە نەیتوانییبێت ئەو بەرگە پلازماییە یەگجار زۆر گەرمەی خۆر ببڕێت و ئەوکاتە بە تەواوی سەربەست بێت و چوونبێتە نێو ناوچەی ناسراو بە (بۆشایی ئاسمانی نێو ئەستێرەکان) و لەجیاتی ئەوە کەوتبێتێتە نێوەندێکی گوێزەرەوە (إنتقالی) لەنێو سنوورو قەراغی کۆتایی سیستەمی خۆردا.

جێگای ئاماژەیە کەوا یەکەم هێمای گەیشتن لەمانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ لەلایەن کەشتی (ڤیۆیاجەر 2) دوە گەیشتەوە زەوی و لەو کاتییەوە پسپۆڕان رایانگەیاند کەوا کەشتییەکە گەیشتۆتە ناوچەیەکی پلازمایی یەگجار زۆر چڕو پڕ کە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە قەراغی کۆتایی سیستەمی خۆر پێش ئەوەی بۆشایی نێوەندی ئەستێرەکان دەست پێبکات.

بۆشایی نێوان هەسارەکان، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کەوا بەشێکی یەگجار زۆر مەزنی ئەو تەنۆچکە بارگاویانەو ئەو بارستە پلازماییانەی کە لە خۆرەوە دەردەچن، لەو دوورییەدا یەگجار زۆر چڕو دەبنەوەو وەک تەوقێکی مەزنی لێ دێت دەبێتە هۆی بەرز کردنەوەی پلەی گەرمیی.

بە پێی خوێندنەوەکانی کەشتی ئاسمانیی پسپۆڕانی فەلەکی، ئەوانەی بەردەوام ڕوانگەی تەنە ئاسمانییەکانی دوورو نزیکی زەوی دەکەن لەنێو سنووری سیستەمی خۆردا رایانگەیاند کەوا تەنێکی ئاسمانیی نەناسراویان خستۆتە نێو بازنەی لێکۆڵینەوەی بەردەوام، چونکە خاوەن خولگەیەکی سەیری هەیەو ناشزانرێ ئاخۆ سەرچاوەکەی لەنێو سیستەمی خۆرە یان نا.

دەرەنجامەکان لەکۆتاییدا دەریخست کە ئەو تەنە ئاسمانییە بریتییە لە کلکدارێک و ناونراوە 21/BORISOV و کامێراو تلسکۆپەکان توانیان وێنەیەکی زۆر ڕوون و بە کوالیتییەکی بەرز بۆ ئەم کلکدارە دەرکییە وەربگرن لە قۆناغی بۆشایی ئاسمانی نێوان ئەستێرەکاندا هاتووە. فەلەکناسەکان سەربە زانکۆی (YALE) ئەمریکی بوون و ڕۆژی یەکشەمەی رابردوو 2019.11.24و بە بەکارهێنانی ئامێری (وێنەگرتنی شەبەنگیی) (Keck Observatory) لە (هاوای) توانیان وردەکارییەکی زۆری ئەو کلکدارە لەو وێنەیەدا وەدەست بێنن. بەر لە نزیکەی 1ملیۆن ساڵ گەڕۆکی شەش ویلی بچووکی ناسراو بە YUTU -2سەر بە ئاژانسی بۆشاییگەریی (کۆماری چین) کە ئێستا لە کەشتی نیشتووەوەی ناسراوە بە CHANG'E-4دوور کەوتۆتەوە، لە ناوچەیەکدا کاردەکات کە ناسراوە بە (لای دووری مانگ)، ئەو لایەی کە هەرگیز ئێمە لەسەر زەویدا ناتوانین ببینین.

کلکدارێکی نەناسراو بەنێو سیستەمی خۆردا دەڕوات

پێش ئێستا خێرایی کلکداری 21/ Borisov گەیشتبووە 3.4 کیلۆمەتر لەیەک چرکەدا و لە ماوەی 9000 ساڵدا یەک ساڵی تیشکی بڕیوە، بەڵام دوای هاتنی بۆ نێو سیستەمی خۆر پێشبینی دەکرێت کەوا خێراییەکەی بگاتە 32 کیلۆمەتر لە چرکەیەکدا و لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی داهاتوو بگاتە نزیکترین خاڵ لە خۆر ، پاشان بە تەواوی جێمان دێڵێ و دەگەڕێتەوە نێو قولایی ئاسمانی نێوان ئەستێرەکان.



مادەیەکی شێوە جلاتینی نامۆ لەسەر ڕووی مانگدا دۆزرایەوە



بەڵام ئەوەی بەم دواییە سەرنجی زانایانی بۆخۆی ڕاکێشا بریتی بوو لە دۆزینەوەی مادەیەکی شێوە جلاتینی لەسەر ڕووی سەخت و بێ بەزەیی مانگدا، کە ناچاری کردن تەواوی پلانی کارکردنی ئەو گەڕۆکە بووەستێنن و لەو مادە سەیرە نزیکی بکەنەوە.

تیمی کۆنترۆڵکار لە Beijing Aero-space Control Center ڕایانگەیاند کەوا بە سوود وەرگرتن لە کامێراکانی گەڕۆکەکە توانرا ڕێڕەوێکی شیاو لە نێو بەردێکی زۆر پەرش و بڵاوی ناوچەکەدا دەستنیشان بکرێت و پاشان لەو چاڵە نەیزەکییە بچووکەدا نزیک کەوتنەوە کە مادە شێوە جلاتینییە ڕەنگاو ڕەنگەکەی تیادا دەرکەوتبوو، پاشان ئامێری شیکەرەوەی شەبەنگی تیشکی ژێرەوەی سوورییان بەکارهێنا بۆ زانینی پێکهاتەی کیمیایی ئەو مادە نامۆیە.

تا ئێستا پسپۆڕانی فەلەکناسی چین هیچ زانیارییەکی زیاتریان بڵاو نەکردۆتەوە دەربارەی سروشتی ئەو مادەیە تەنها ئەوە نەبێت کە (لە جلاتین دەچێ و خاوەن ڕەنگێکی نا ئاساییە).

لەگەڵ ئەوەش هەندێ لە پسپۆڕان مەزندە دەکەن کەوا بریتی بێ لە سیلیکا - یان شووشە - کە لە دەرەنجامە بەرکەوتنی بەردە نەیزەکێک بەو شوێنەدا دروست بووبێت، بۆیە خۆی مادەیەکی زۆر ڕەقە بەڵام لە شکڵ و ڕواڵەتدا خۆی بە جلاتینی نەرم نیشان دەدات.

لیڤەرپوول پێشەنگی خولی ئینگلیزی قایمتر دەکات و تۆتینهامیش لەسەر دەستی مۆرینهۆ دووەم سەرکەوتنی لەسەر یەک تۆمار کرد



هاوار موردکەیی

یانەی لیڤەرپوول پێشەنگی خولی ئینگلیزی قایمتر کرد، دوای ئەوەی لە گەڕی 14دا توانی 2-1 گۆل لەیانەی برایتۆن ببات‌ەوە، لەولاشەوە یانەی تۆتینهام دووەم بردنەوەی لەسەریەکتری لەسەر دەستی مۆرینهۆ تۆمار دەکات.

لەسەر یاریگای ئانفیلد لە شاری لیڤەرپوول، لە خولەکی 18یانەی خانەخوێ لەریگای ڤان دایک گۆڵی یەکەمی تۆمار کرد و هەر هەمان یاریزان دوای 6خولەک توانی گۆڵی دووەم تۆماربکات، یانەی لیڤەرپوول لە خولەکی 78گۆڵچییەکەیان دەرکرا و دوای ئەوە لویس توانی گۆڵێک لە لیڤەر تۆماربکات، یارییەکە بەم ئەنجامە لەبەرژەوەندی لیڤەر کۆتایی هات و کۆی خاڵەکانی گەیاندە 40خاڵ و بەجیاوازی 11خاڵ لەپێش نزیکترین رکابری دیت کە یانەی مان سیتییە، یانەی خاوەن پلەی سێیەمیش بەهەمان خاڵ لە پلەی سییەم دێت، بەرلەوەی یارییەکەی دوێنێیان بەرامبەر ئیڤەرتۆن ئەنجامدابێت، لەولاشەوە یانەی برایتۆن بە 15خاڵ هەر لە ریزی 15مایەوە.

لەلایەکی دیکەوە یانەی تۆتینهام بەردەوامە لە دروینەی ئەنجامە باشەکان لەسەر دەستی مۆرینهۆی پورتوگالی، کاتیک بە ئەنجامی 3-2 گۆڵ لەیانەی بۆرنموسی بردەوە، تۆتینهام بەم بردنەوەیە خاڵەکانی گەیاندە 20خاڵ لە پلەی پێنجەم دیت بەجیاوازی 6 خاڵ لەپاش چێلسییەوە دێت کە پلەی چوارەمی گرتووە،



مارسیلۆ: بە زەحمەت بردمانەوە



مارسیلۆی یاریزانی یانەی ریال مەدرید باسی لەبردنەوەکەیان لەدەرەوەی یاریگای خۆیان بەسەر یانەی ئالاڤێس کرد و رایگەیاند کە لەم یاریگایەدا یاریزانان هەموو شتێک بەرامبەر ریال مەدرید دەکەن، بەڵام ئەمجارە ئیمە باش یاریمان کرد.

مارسلۆی بەرازیلی دەڵێت: ئێمە لە بەهیزیی رکابەرەکەمان دەگەیشتین بۆیە توانیمان یاریبکە بەبینەوە، هەرچەندە بردنەوەیەکی زەحمەت بوو، بەڵام ئەم جۆرە یاریانە خولەکە یەکلا دەکەنەوە، هەموو تیپەکان گرنگن، بۆیە تەنها لەناو یاریگادا دەتوانرێت نازناوەکان ببەیتەوە.

کاراتێی خورماڵ لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە

رابەر زاهیر: کاراتێی خورماڵ زۆرینەی پێکهاتەی هەڵبژاردەی عێراق پێکدەهێنێت

خەبات: سۆلین سلێمان

رابەر زاهیرکە لە خێزانێکی وەرزشیدا گەورەبووە، براکانی یاریزانی کاراتێن و ئێستاش راهێنەرە لە خۆرماڵ، هۆکاری حەزی ئەو بۆ وەرزشی کاراتێ دەگەڕێتەوە بۆ سکرتێری یەکگرتووی کاراتێ لە هەڵەبجە، ئەوان هەمیشە هاوکاری بوون و پشتیوانی بوون لە بەرەو پێشچوون وبەدەستهێنانی نازناو و ئەنجامی گەورە.

6 میدالیای زێڕ

رابەر زاهیر یاریزانی کاراتێی یانەی وەرزشی خورماڵە، دەرچووی کۆلێژی وەرزشی هەڵەبجەیە، سەبارەت بە دەسکەوتەکانی خۆی دەڵێت: خاوەنی ٦ مەدالیای زێرو ٤ مەدالیای زیو. مەدالی برۆنزم، دوو جار هەڵبژێردراوم بۆریزی هەڵبژاردەی عێراق و توانیومە یەکەمی عێراق و کوردستان بم، لە ئێستاشدا راهێنەری پلەیەکی عێراقم.

سەبارەت بە دامەزراندنی یانەکەیان دەڵێت:- لەسالێ دامەزراوە هەروەها کاراتێی خۆرماڵ زۆربەی پاڵەوانێتییەکانی کوردستان و عێراق هەمیشە لە پێشەنگدا بوون و لە ریزی پلە یەکەکانی عێراق بوونە، لەم ساڵەدا ـ لە پاڵەوانێتی عێراق پلەی یەکەمان بەدەستهینا، و لە پاڵەوانێتییەکانی کوردستان بۆ تازەپێگەشتوان دووبارە توانیویانە پلەی یەکەم بەدەست بهێنن، سەبارەت بە پشگیرییەکەیانەوە دەڵێت: تا ئێستا کە خاوەنی ئەو ئەنجامە باشانەین چ وەک تاک چ وەک تیپ، بەڵام بە داخەوە حکومەت هیچ هاوکاری نەکردووین.

دەسکەوتەکان زۆرن لە پرسیارێکدا کە ئایا کارو چالاکییەکانیان تەنها لە ناوخۆدایە یان لە دەرەوە؟

لە وڵامدا ئەو راهێنەرە دەڵێت: کاروچالاکییەکانمان نەک تەنها لە ناوخۆی کوردستاندا و عێراق بەڵکو جیهانییە، تیپی کاراتێی خۆرماڵ خاوەنی زیاتر لە ـ مەدالیای زێرو زیو و برۆنزە، ئەمسالێش . یاریزان لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقدایە، تیپی کاراتێی عێراق سەرجەم یاریزانەکانی کاراتێی خۆرماڵە، لەم ساڵەدا بەشداری دوو پاڵەوانێتی نێودەوڵەتیمان کرد کە یەکەمیان پاڵەوانێتی ئاسیا بوو کە توانیمان پلەی دووەم بە دەست بێنین ئەویش بۆ یەکەمجار بوو کە عێراق ئەو پلەیە بە دەست بهێنێت، کە ژاپۆن رکابەرمان لەسەر پلەی یەکەم، دووەمیان پاڵەوانێتی عەرەبی بوو سەرەڕای غەدرێکی زۆر لەوێش توانیمان پلەی سێیەم بە دەست بهێنین، توانیمان مێژوویەک بۆ عێراق و کوردستان و خۆرماڵ تۆمار بکەین، ئەمساڵ بەشداری چوار پاڵەوانێتی نێودەوڵەتیی ئاسیامان کرد کە هەرسێ یاریزان (بینەر مستەفا، پەژار مەهدی، یوسف سەلام) لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتی ئاسیا لە وڵاتی مالیزیا توانیان مەدالیای زیو بەدەست بهێنن کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراق دا ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنرێت، و لە پاڵەوانێتی عەرەبدا لە تونس پلەی سێیەم و لە پاڵەوانێتی عێراق پلەی سێیەم بەدەست بێنن، و لە پاڵەوانێتی ئورمیەی نێودەوڵەتی پلەی دووەم.

ئاشنایەتی بە کاراتێ وەک پێویست نییە

دەربارەی رەوشی وەرزشی کاراتی بە تایبەت لە کوردستاندا دەڵێت:- کاراتی وەرزشێکی پێشکەوتووە لە ئێستادا لە کوردستان و لە ئاستێکی باشدایە هیوادارم باشتریش بێت ، بەڵام هێشتا ئاشنا بوونی خەڵک بە کاراتی وەک پێویست نییە ، هیوادارم خەڵک زیاتر روو لەم جۆرە وەرزشە بکات ، کەلای هەموومان رووناک وەرزش بە گشتی سوود بەخشە بۆ جەستەی مرۆڤ ، بەڵام کاراتی لەگەڵ جەستەو دەرونی مرۆڤ بەهێز دەکات و لە زۆر گرفت دەتپارێزێت ،داواکارم لە خەڵکی روو بکەنە وەرزش و دوور کەونەوە لەو کارانەی کە زیان بە جەستەو دەروونیان دەگەیێنێت تابینە کەسانێکی تەندروست و بەختەوەر ، و داواکاریشم لە یەکێتی کاراتێی کوردستان کە هەستێت بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتی زیاتر .

سواریێز: سیناریۆی گریزمان لەگەڵ منیش روویدا



لویس سواریێز، هێرشبەری هەڵبژاردەی ئۆرۆگوای و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی، پەسنی تواناکانی هاوتیپەکەی، ئەنتوان گریزمانی فەرەنسی دا، ئاماژەی بەوەش کرد، پێویستی بە ئارامگرتنە بۆ ئەوەی خۆی بگونجێنێت. سواریێز لە میانی لێدوانی بۆ رۆژنامەی (کیکەر)ی ئەڵمانی وتی:"گریزمان یەکێ لە باشترین یاریزانەکانی جیهانە، بەڵام بۆ سەپاندنی تواناکانی لە بەرشلۆنە، پێویستی بە کات و ئارامگرتن هەیە، بۆ ئەوەی خۆی لە گەڵ شێوازی تایبەتی تیپەکە بگونجێنێت، ئەوە بەسەر منیشدا هات، لە مانگەکانی یەکەمم لەگەڵ تیپەکەدا". وتیشی:"گریزمان، دەبێت هێمن بێت". دووپاتیشی کردەوە:"ڕەوشەکە بە بردنەوەی نازناوەکان لەگەڵماندا کۆتایی دێت". ئەمەو گریزمان، لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەی رابردوودا، چووە ریزەکانی بەرشلۆنە، دوای شکاندنی مەرجی سزایی گرتیەستەکەی لەگەڵ ئەتلەتیکۆ مەدرید، کە بڕەکەی 120 ملیۆن یۆرۆ بوو. شیاوی باسکردنە، گریزمان لەو وەرزەدا، تاکو ئێستا بەشداریی لە 16 یاریبدا کردووە، 4 گۆڵی تۆمار کردووە و 3 گۆڵیشی بۆ هاوتیپەکانی دروست کردووە.

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 2. Dec. 2019 No: (5883)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

چلەی شاعیر محەمەد عومەر عوسمان (جەنەڕاڵی پایز) لە سلێمانی بەڕێوەچوو




بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکوومی، کەسایەتی ڕۆشنبیری، شاعیر، نووسەران و هاوڵاتیان چلەی ماتەمینی شاعیری ناوداری کورد، محەمەد عومەر عوسمان کە بە ژەنەڕاڵی پایز ناسرابوو، بەڕێوەچوو.

لە ڕێوڕەسمەکەدا وێڕای پێشکەشکردنی چەند وتارێک لە لایەن کەسوکاری کۆچکردوو، چەند دیمەنێکی دیکیۆمێنتاری لەسەر ژیانی ژەنەڕاڵی پایز نمایش کرا و دیمانەی هاوڕێیان و کەسوکاری پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ئەو تابلۆیانەش نمایش کران کە محەمەد عومەر عوسمان کێشابوونی و لە کۆتاییدا دوو لە کتێبەکانی بە دیاری بەخشرایە ئامادە بووان.

ژەنەڕاڵی پایز کە ساڵی 1957 لە دایکبوو، شەوی 22 لەسەر 23ی تشرینی یەکەمی ڕابردوو لەماڵەکەی خۆیدا لە شاری سلێمانی کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

بەشەقامێکی درێژ و گەورەی ئەو پایتەختەی خۆمان دا تێپەریم، سەیری ناوی هوتێل و سوپەرمارکێت و موخازە و چەندان شوێنی دیکەم کرد، هەندێک ناوی وام هاتە بەرچاو لە دڵی خۆمدا گوتم (من لە هەولێرم یان لە شارێکی بیانی)، هوتێلی (جبل خالد) و (نسیم البحر) و سوپەر مارکێتی (تی مارت و ئایە) و شوێنی (ابو شکر) و (ابو شهاب) چ پەیوەندیان بە دەوروبەر و جوگرافیاو مێژووی ئەم شارەوە هەیە، سەدان ناوی ناسک و پڕ لە ئاوازی چیاو شاخمان هەیە، ئەرێ پێم ناڵێن(جبل خالد) کەوتۆتە کوێ؟

لە هەمو دونیادا، بەتایبەتی لە پایتەختی وڵاتان دا، ناوی جێگە و شوێنەکان، تەعبیر لە کولتوور و دیرۆکی ئەو وڵات و شارە دەکەن بەڵام لای ئێمە بە نوێژی نیوەڕۆ ئەو شوێنانە(تەعریب و تەتریک و تەفرێس) دەکرێن، کاتی خۆی و لە سەردەمی بەعس نەدەوێراین دەنگ هەڵبڕێن، دیکتاتۆر هەڵەبجەی کیمیاباران کرد، کەچی لەو ناوە ئۆردووگایەکی بەناوی(حلبچە صدامیە) دروستکرد، بەرگی کوردەواریان لەبەر جەژنی نەورۆز دا مااڵی گۆڤارێکیان بەناوی (نوروز العراق) بڵاوکردەوە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەدەنگی بەرز بڵێین:

تا زووە ئەو ناوە قۆڕانە بسڕنەوە، دەریای خوێن لەپێناوی وشەی کوردی دروست بووە، حەیفە لەبیری بکەین.

هەولێر.. شانۆگەری کەرۆشک ڕاوی ڕێوی نمایشکرا

یوسف یوسفی: شانۆگەریەکە باس لە پاک وخاوێنی و هاوکاری کردنی یەکتری و یەک ڕیزی دەکات



بەرهەم شێخ عزەدین

شانۆگەری (کەرۆشک ڕاوی ڕێوی) دەکات،لەئامادەکردن و دەرهێنانی(یوسف یوسفی)ەوە ،دەربارەی ئەم شانۆگەرییە دەرهێنەر یوسف سوسفی بەخەباتی گوت: ئەم شانۆگەریە شەشەم کاری شانۆیە لەبواری منداڵان کەوا کاری دەرهێنانی بۆیەکەم، ئەم شانۆگەریە بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێرە،شانۆگەریەکە باس لە پاک و خاوێنی و هاوکاری کردنی یەکتری و یەک ڕیزی دەکات ،ئەگەر دووژمنت هەرچەندە بەهێزبێت دەتوانیرێت بەیەک ریزی سەرکەوین مەرجیش نییە هەموکاتێک کەسە بەهێزەکان سەرکەون، دەرهێنەری شانۆیەکە زیاتر گوتی: کاری نواندن لەم شانۆگەریە زۆر گرانترە لەچاو شانۆگەریەکانی دیکە چونکە ئەکتەرەکان ڕۆڵی ئاژەڵ دەبینن نەک ڕۆڵی مرۆڤەکان ئەوەش ئەرکی دەرهێنەر و ئەکتەرەکان قورستر دەکات، ئەکتەرەکانیش هەموویان قوتابی کۆلیژ و پەیمانگان هەندێکیان ئەزموونیان هەیە لەبواری شانۆی مندالآن هەندیکیشان یەکەم ئەزموونیانە لەم بواوە، ئەکتەرەکانیش بریتی بوون لە: (ئاراس مەجید، نازدار هەینی، کاروان عەلی، سنە ئەسکندەر، عەلی حسین ،سامدارجەمال، توانا سپان، ئاکام ئیدریس) دیکۆر (مەولان حەمەدئەمین، هێمن سەعید) یاریدەدەری دەرهێنەر زەهرا نەجات سەرپەرشتی گشتی م هیواسوعاد .لێرەوە دەمەوێت سوپاسی ڕاگرایەتی کۆلیژی هونەرەجوانەکان و پەیمانگای هونەرە جوانەکان بکەم کەزۆر هاوکارم بوون بۆ ڕاپەراندنی کارەکەم.

ئەیاد جەبار سەرقاڵی دەرهێنانی تازەترین کلیپی گۆرانی (وەرە) یە



خەبات: سەربەست برزۆ

وەحید نەزەری کرماشانییەوە دابەشکراوە . لەمبارەیەوە دەرهێنەر ئەیاد جەبار تایبەت بۆ خەبات وتی :دەمێکە سەرقاڵی کلیپی گۆرانی (وەرە) ین کە بەشێوەی دویت لەلایەن هەردو هونەرمەند حەسەن هەیاس و هەڤاڵ خانەقینی دەوترێتە ، تێکست و ئاوازی هونەرمەند حەسەن هەیاسە و میوزیکەکەشی لەلایەن هونەرمەندی ڕۆژهەلاتی حەسەن هەیاسە و میوزیکەکەشی وەحید نەزەری کرماشانییەوە دابەشکراوە . لەمبارەیەوە دەرهێنەر ئەیاد جەبار تایبەت بۆ خەبات وتی :دەمێکە سەرقاڵی کلیپی گۆرانی (وەرە) ین کە بەشێوەی دویت لەلایەن هەردو هونەرمەند حەسەن هەیاس و هەڤاڵ خانەقینی دەوترێتە ، تێکست و ئاوازی هونەرمەندی ڕۆژهەلاتی کە بەرهەمی هونەرمەندە هەڤاڵ خانەقینییە ، بەڵام کۆمپانیای (ویپنگ) جێبەجێی کلیپەکە دەکات، جێی ئاماژە پێکردنە لەماوەیەکی نزیکدا کلیپەکە کارەکانی تەواو دەبێت و دەخرێتە سەر خەرمانی هونەری کوردی.

هەولێر.. فیستیڤاڵی پێشبڕکێی مریشک و کەڵەشێر بەڕێوەچو



خەبات: سەید فاتیح بەرزنجی

خەریکە لە کوردستان نمایشی جوان و سەرنج ڕاکێش و فیستیڤاڵی سەیر وەکو وڵاتان ئەنجام بدرێت ،ئەوەتا لەوماوەیەدا لە هەولێر فیستیڤاڵی پێشبڕکێی هەڵێژاردنی جوانترین مریشک و کەڵەشێر بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئاژەزوومەندانی مریشک و کەڵەشێر بەڕێوە چوو،کەتێیدا ژمارەیەک لە جوانترین مریشک و کەڵەشێر نمایش کرابوون ، کۆمەڵێک بەخێوکەری مریشک و کەڵەشێری براهام لەپێشبڕکێکەدا ئامادەبوون کەلەشارەکانی هەولێر و سلێمانی و موسڵ و دهۆک هاتبوون شایانی باسە لەو فیستیڤاڵەدا 25 مریشک و کەڵەشێر بەشداریان لەو پێشبڕکێیەدا پێکرابوو ،بەئامادەبوونی دادوەر جوانترین دیاری کرا ، ئەو مریشکانەی کەلەوپێشبڕکێیەدا بەشداریان کردبوو بەپلەی یەکەم دەرچوون نرخەکەی گەیشتە(500$)پێنجسەد دۆلار ،و ئەو کەڵەشێرانەی کە بەپلەی یەکەم دەرچوون نرخەکەی گەیشتە(1100$)هەزارو سەد دۆلار.

پشیلە نە سپڵەیەو نە دەمی پیسە!

زۆرجار لەناو کۆمەڵگە وا باوە کە پشیلە سپلەیە و وەک سەگ بەوەفا نییە، بەڵام ئایا دەزانی توێژینەوەک دەریخستووە، کە سروشتی پشیلە خێرا مێشکی فۆرمات ئەبێ و شت لەبیر دەکات،هەر ئەمە وایکردووە بە سپلّە ناوی بەد ببێ،

ئایا دەزانی پشیلە دەمی پاکە ئەگەر چی پێێش چەند کاتژمێرێک شتی پیسیشی خواردبێ، چونکە دەمی پاک دەبێتەوە.

